یادنامە YADNAMA

سەرنوسەر و خاوەن ئیمتیاز
سەرکەوتی جیهاز
دەستەی نوسەران
بەختیار شارەزوری
ڕەووف محەمەد ئالانی

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی (مێژوو ، کەلتوور ، زمان ، یادەوەری ، پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لە خۆدەگرێت.
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان

ژمارەی ٥٩ی نیسان ٢٠٢٤ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.59.April2024


# عێراق و هەرێم و موچە

**یادنامە**

ئەوەی لە زۆرێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگوزەرێ لە پشت هەواڵە گەرمەکانی سەر شاشەکانەوە بریتییە لە بەریەککەوتنی بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێزی ناوچەیی و جیهانی ، لە عێراقدا هێزەکان لەژێر کارگەری ئەم پاوەرانەدا حکوم دەکەن ، بە مانایەکی تر هیچ هێزێک لە عێراقدا خاوەنی سەربەخۆی بڕیاردانی خۆی نیە ، ئەو هێزانەش کە بەریەککەوتنیان لەسەر شانۆی عێراقدا نمایش دەکەن ئێران و ئەمریکایە ، تورکیا کە دەتوانێ کارگەی پلە یەکی هەبێت لە دوای ڕێککەوتنی ئەستانە و ڕێککەوتنی مێژووی لەگەڵ ئێران تا ئاستێک لە عێراق وەک سیاسی و سەربازی دورکەوتوەتەوە بۆ سوریا ، ( ئەمریکا و ئێران ) ئەم دوو هێزە ململانێی توندیان هەیە و بەرژەوەندی پێکەوە گرێدراویان لە ئاستی باڵادا هەیە ، ململانێکان زۆر کات هاوڵاتی عێراقی دەبێتە قوربانی ، ئەگەر ئێران زۆنی زەرد وەک پێگەی سەرەکی ئەمریکا ببینێ ئەوا لە ڕێگەی ناوەندەوە کار لەسەر ململانێکانی دەکات و دادگای فیدراڵی بەکار دێنێ ، ئەمریکاش لە شوێنەکانی تری هەژمونی ئێرانیەوە کارتەکانی بەکار دێنی بە تایبەت لە یەمەن و لای حوسییەکان ، هەر کات ئەم ململانێیانە گەشتنە بەریەککەوتنی بەرژەوەندییە گرێدراوە باڵاکانیان ڕێکدەکەون تا هیچ لایەکیان زەرەر نەکەن ئەم هاوکێشەیە بۆ نزیکەی پەنجا ساڵێکە بەردەوامی هەیە ، ئەمە ئەگەر وەک سەقفی دووەم ببینین ئەوا لە سەقفی یەکەمدا هاوڵاتی عێراقی و بازرگانی سەربەخۆی ناوەندی عێراق و لەسەرو هەموشیانەوە موچەخۆرانی عێراقیە ، دەکرێ لە سەقفی یەکەمدا هاوڵاتی مافی خۆی هەبێت و موچە خۆر بکرێت بە نیشتمانی و حاکمیەت بێت (تەوتین) ئەو کات ململانێکان هەرچۆنێک بەرز و نزم بکات هاوڵاتی عێراقی نابێتە کارتی بەریەککەوتنەکان .





# شێرکۆ بێکەس

چیرۆکەکانتان یەك بە یەك بوون بە کەروێشکی دارینە و
وتارەکانتان یەك بەیەك بوون بە نێچیری ڕاوکردن
قسەکانتان هێلم و قوری سەناعی و مۆمی پیو بوون
بە هاڵاوی دەمی هاوەن، هەر هەموویان بەسەریەکدا
توانەوە و هەیکەلێکیان لێ دروست بوو، بۆ بەردەمی دایناسۆر و
هۆزی مردن لەو دەشتەدا، پەڕەی گۆڤارێکی دڕاو
بای تۆپ بردی و شتێکی وت، لەو دەشتەدا ملی قرتاوی
باڵدارێ لە بەردەمی قەمەیەکدا هەڵبەزییەوە و شتێکی وت
بەڵام ئێوە هیچتان نەوت، بەڵام ئێوە هیچتان نەکرد، بەڵام
ئێوە لەو بەیانییە خۆڵپۆشەدا، لەو بەیانییە خوێنپۆشەدا
لەو دیرۆکە عارپۆشەدا، ئەوەی کردتان سەری من و سەری
قەڵا و سەری حاجی قادری کۆییتان، تێکەڵ بە سەری بدلیسی و
سەری فەیلەقی کیمیا و سەری ئەسپی دیکتاتۆر کرد، لەو بەیانییە
زەردباوەدا، ئەوەی کردتان هەر یەك شت بوو بە یەکسانی
ڕوانیتانە شیعری من و بیرێی سەری عاشوور حەمدان
بە یەکسانی ڕوانیتانە مێزەرەکەی مەلای خەتێ و مێزەرەکەی
مەلای گەورە و بە یەکسانی دابەشتان کرد، پەنجەکانی
قەڵادزێ و پەنجەکانی دەستی سوڵتان




خانەقین ... ل٢
١٠ بروسکە چیرۆک ... ل٩
ئەنجلینا جولی: مافی مرۆڤ درۆییەکی گەورەیە ... ل٣
داستانی پرۆفیسۆر نارسیسا ڤان ڤانیتی ... ل١٠
بڵقاسم لە شاخ و لە شار ... ل٤
ک.ن.ک پرۆژەیەکی گشتگیر بۆ کۆگوتاری نەتەوەیی ... ل١١
لە شکاندنی بایکۆت ئەوەی دە دۆزێت دەسەڵاتە ... ل٥
بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان ... ل١٤
گرێتا تونبێرگ ... ل٦
مێژووی جولەکەو جولەکەکانی شاری سلێمانی ... ل١٨
خۆ هەڵقورتان و چوونە ناو ژیانی تایبەتی کەسانی ترەوە ... ل٨
ڕۆژنامەی کوردستان لە نێوان ٢١/ ٢٢ نیساندا! ... ل١٩



# خانەقین

خانەقین شارێکی کوردستانییە کەوتۆتە باشووری کوردستان، شارۆچکەیە و تا ئێستا سەر بە پارێزگای دیالەیە. سنووری ئیدارەی خانەقین لەنێوان هێڵی پانیی (Latitude 343469 N) وە هێڵی درێژی (Longitude 454006 E) . رووبەری ئیداریی 3915 کم2، و بەرزایی لە ئاستی دەریاوە 201 مەتر.

شارۆچکەی خانەقین کەوتۆتە نێوان شارۆچکەی هەڵەبجە لە باکوورەوە. شارۆچکەی مەندەلی و شاخی حەمرین سنووری لە باشووردا دیاری دەکات. رووباری سیروان لە رۆژاوا و سنووری ئێراق و ئێران لە رۆژهەڵات. لە ساڵانی هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، ژمارەی دانیشتووانی بە 175000 کەس مەزەنە کراوە. بەڵام ڕاستی ژمارەی دانیشتووانی نەزانراوە لە ئەنجامی تەقەلای حکومەتی ئێراق بو گۆڕینی دیمۆگرافییای شارەکە.

زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی خانەقین کوردن و بە زاراوەی کەڵهوڕی و گۆرانی زمانی کوردی قسەدەکەن کە هەندێ جار بە هەڵە بە فەیلی ناویان دەبردرێت. کوردی فەیلی زاراوەیەکی دیکەی زمانی کوردییان هەیە، ئەویش زاراوەی (لوڕی و لەکی) یە. زۆربەی دانیشتووانی باشووری خانەقین بەرەو شاری مەنەلی و بەدرەوجەسان لە بەشی ئێراق و ئیلام و کرماشان لە بەشی ئێران، لوڕن یا لەکن و بەو زاراوەیە قسەدەکەن. لە ڕووی ئاینییەوە ئیسلامن و بەشێکی زۆری شیعە مەزهەبن بەشەکەی دیکەش سوننە. بەشێکیش کاکەیی و سنجاوی. بێجگە لە کورد، ژمارەیەکی تورکمان، عەرەب، جوولەکە و کریستیان و سائبی و مەندائی لە خانەقین دژین. لەبەر هەمەڕەنگی ئایینی و مەزهەبی پێکهاتەی دانیشتووانەکەی، ژمارەیەکی زۆری حسێنیەی شیعە و مزگەوتی سوننەی تێدایە. کڵێسایەکی کریستیان تییدایە. سیناگۆگی جوولەکەکانیش تێدابوو، بەڵام لە ساڵانی دوای دامەزراندنی ئیسرائیل و دەرکردنی جوولەکەکان لە خانەقین، رووخێنرا.

لە ساڵانی حوکمی ڕژێمی بەعسدا، گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر پێکهاتەی دانیشتووانەکیدا هات کە بە پرۆسەی (بەعەرەبکردن) ناسراوە. کوردی ڕەسەنی خەڵکی شارەکە بەزۆر دەرکران و دوورخرانەوە بۆ باشووری ئێراق، عەرەبی ئەوێ لە شوێنەکانیان نیشتەجێ کران. دەستکرا بە ڕووخاندنی دیهاتەکان وەکوو بانمیل، مەلا عەزیز، قولە یەهودی و پیۆکەونەیکەنە و چەندین دیهاتی دیکە. ڕووخاندنی پاڵاوگەی نەوتی خانەقین کە بەپاڵاوگەی ئەڵوەند ناسرابوو. گواستنەوەی کرێکارەکانی بۆ شارەکانی دیکەی ئێراق. درووستکردنی چەندین گەڕەک بۆ نیشتەجێکردنی عەرەبی بەعەرەبکردن لە خانەقین، بۆ نموونە: گەڕەکی (شعلة) لە ئەرکەوازی، (7 نیسان) لە کارێز، (الاشتراكية) لە مەڵکشای، (آبو عبيدة ابن الجراح) لە عالیاوەی کوێخا زۆراب، (التأميم) لە تۆڵەفرۆش، (الشيباني) لە یوسف بەگ کە هەر گەڕەکێکی لە (100-150) خانوو بێکهاتبوو.

شاری خانەقین زۆر دێرینە، بەدرێژایی مێژوو شوێنی نیشتەجێی مرۆڤ بووە. هەبوونی ڕووباری ئەڵوەن کە بەم ناوچەیەدا دەڕوات، ڕۆڵێکی دیاری هەبووە لە ئاوەدانیبوونی و بەپیتکردنی خاکەکەی. زەویوزاری دەورووبەری ڕووباری ئەڵوەن بۆ کشتوکاڵ و بەکارهێنراوە هەر بۆیە مرۆڤ لێی نیشتەجێ بووە و بووەتە خاڵیکی گرنگی ڕێگای هاتووجۆ لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا کە ئەوسا بە ڕێگای خراسان ناسراوە،

لە سەردەمی مەملەکەتی کۆتییەکان (8 سەدە پ. ز.) ، ناوی خانەقین وەکوو (ئاوارتیوم) هاتووە. لە کاتی تێپەڕبوونی ئەسکەندی گەورە بەو ناوچەیەدا (3 سەدە پ.ز.) ناوی وەکوو (ئارتیمیتا) لە مێژووی یونانی کۆن هاتووە. ناوی مەرکەزی ویلایەتی سابینا لە نووسراوەکانی سەردەمی ئاشورییەکان بە (خودون) هاتووە کە دەکاتە شوینی ئێستای خانەقین.

لە کتابی (المسالك و الممالك، أبو القاسم عبد الله بن أحمد، بن خرداذابە/ ساڵی 300 هجری - 912ی میلادی مردووە) لاپەڕەی 3 و 7 ناوی خانەقین هاتووە وەک (طسوج-ناحيه) کە حەوت فەرسەخ لە جەلەولاو و شەش فەرسەخ لە قەسری شیسرینەوە دوورە.

لە کتابی (معجم البلدان، یاقوت الحموی ساڵی 621ی هجری 1227ی میلادی، لاپەڕەی 340 بەشی دووەم) ناوی خانەقین بەم شێوەیە هاتووە (خانقين: بلدة من نواحی السواد فی طريق همذان من بغداد، بينها وبين قصر شيرين ستة فراسخ لمن يريد الجبال، ومن قصر شيرين إلى حلوان ستة فراسخ؛ قال مسهر بن مهلهل: وبخانقين عين للنفط عظيمة كثيرة الدخل، وبها قنطرة عظيمة على واديها تكون أربعة وعشرين طاقاً، كل طاق يكون عشرين ذراعاً)

لەکتابی (صبح الاعشى، ساڵی 821ی هجری نووسراوە لە لایەن الشيخ ابی العباس أحمد القلقشندی (756-827ی هجری) ، بەشی چوارەم لاپەڕەی 403 ناوی خانەقین هاتووە بە هەمان شێوە کە حەوت فەرسەخ لە جەلەولا وە شەش لە قەسری شیرین وە دوورە.

ئاشکەرایە کە هاتنی هێزی ئیسلام بۆ خانەقین پاش شەڕی جەلەولا بووە لەنێوان موسڵمانان و ساسانییەکان لە ساڵی (16 هجری - 637 میلادی) ، شەڕەکە 8 مانگی خایاند و موسڵمان سەرکەوتن و بەردەوام بوون لەداگیرکردنی ناوچەکە بەرەو خانەقین و حەلوان (سەرپێڵ زەهاو) . کەواتە هەر لەو سەردەمەدا ناوی خانقین بووە بەهەمان شێوەی ئێستا. لەکاتی هاتنی مەغول بۆ داگیرکردنی بەغدا لە ساڵی (635 هجری) خانەقین بەتەواوەی ڕووخێنراوە، لە تۆڵەی شکاندنی هێرشی پێشتریان لە ساڵی (634 هجری) . خانەقین ناوی وەکوو (کاروانسەرا و حەلوان) یش هاتووە، حەلوان یان ئەلوان، ئەلوەن ناوی ناوەندی چەند شاریک بووە کە دەکاتە ئێستای سەرپێڵ زەهاو.

کوردپیدیا






# ئەنجلینا جولی: مافی مرۆڤ درۆییەکی گەورەیە

ئەکتەری ئەمریکی ئەنجلینا جولی، بێزاری خۆی دەربڕی بەرامبەر بەو سیاسەتی هەڵاواردن و دووفاقیەی کە جیهان لە بواری مافەکانی مرۆڤدا بەدەستیەوە دەناڵێنێت.

لە گفتوگۆییەکدا لەگەڵ دەرهێنەری سوری وەعد ئەلخەتیب، ئەنجلینا جولی دوای ٢٠ساڵ کارکردن لە بواری مافی مرۆڤدا راستیەکی تاڵی لەو بارەیەوە ئاشکراکرد.

جولی، کورتە کلیپێکی لە هەژماری تایبەتی خۆی لە ئینستاگرام لەسەر گفتوگۆکە بڵاوکردەوە کە بەشێکە لە فیلمە دیکۆمێنتارییەکەی بەناوی "دەوێرین خەون ببینین".

ئەستێرە جیهانییەکە، ئاماژەی بەوەشکرد، "ڕەنگە بیرۆکەی بەرگریی لە مافەکانی مرۆڤ لەڕێگەی ڕووداوەکانی جەنگی جیهانی دووەمەوە سەریهەڵدابێت، هەروەها بە مانای بوونی ئامانج و هێڵی ڕوون بۆ مافەکانی مرۆڤ بێت.

ئەنجلینا جولی، ئاماژەی بەوەدا بۆی دەرکەوتووە شتەکان بەمشێوازە سادەیە بەرەوپێش ناچن و دەشڵێت: فێربووم کە جیهان بەم شێوەیە بەرەوپێش ناچێت، بەڵکو بە شێوازێکی دیکە، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە ئەم مافانە و دادپەروەری بە هەندێک کەس دەدەین و ڕەنگە بە شێوەیەکی کاتی بیدەین بە کەسانی دیکە، بەڵام هەندێکیان هەرگیز بەدەستیان ناهێنن.

هەروەها وتی سەرەتا پێموابوو سنووری ڕوون و هەندێک تێگەیشتن هەیە، بەڵام تا زیاتر و زیاتر سەیری دەکەین، تێدەگەین کە چۆن بابەتەکە ئەوەندە سادە نییە.!!

ئاماژەی بە هاوکاری خۆراکی کرد وەک نموونە باسیکرد بەجۆرێک جاری وا هەیە سەدا شەشی خۆراک دەدرێت بە گروپێک و سەدا 50 ش بۆ کەسانی دیکە، لەو بارەیەوە زیاتر وتی دادپەروەری بۆ هەندێک هەیە و بۆ هەندێکی دیکە نییە، لێپرسینەوە بۆ ئەم تاوانە نییە لەبەرئەوەی بەرژەوەندی هەیە.

وتیشی ئەم راستیە ناشیرینە بەشێکی گەورەیە لەم جیهانە کە ئێستا درکی پێدەکەین، ئێمە بە تاوانێک هەندێک خەڵک مەحکوم دەکەین، بەڵام کەسانی دیکە مەحکوم ناکەین، ئەوە درۆی گەورەی دونیایە، لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ڕوونتر دەبێتەوە.

ئەنجلینا جولی، بە توندی سەرکۆنەی هێرشی سوپای ئیسرائیلی کردووە بۆ سەر کەرتی غەززە کە تا ئێستا زیاتر لە ٢٠ هەزار هاوڵاتی مەدەنی لە کەرتی غەززە کوژراون.

جولی، نێردەی تایبەتی پێشووی کۆمیسارییای باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئیسرائیلی تۆمەتبار کرد بەوەی بە ئەنقەست بۆردومانی منداڵان و ژنان و خێزانەکان دەکات و بێبەشیان دەکات لە خۆراک و دەرمان و یارمەتییە مرۆییەکان بەپێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکان.

ئەنجلینا جولی لە ساڵی ٢٠٠١ەوە تاوەکو ساڵی ٢٠٢٢ وەک باڵیۆزی نیازپاکی لە کۆمیسارییای باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان کاری دەکرد.

چەندین خەڵاتی بەدەستهێناوە، لەوانە خەڵاتێکی ئۆسکار و سێ خەڵاتی گۆڵدن گلۆب و دوو خەڵاتی سکرین ئەکتەرز گیڵد لە ئەمریکا، جولی بە کارە خێرخوازییەکانی ناسراوە. چەندینجار بۆ خەڵاتی کاریگەرترین ژن لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دیاریکراوە.

سایتی زەمەن

# خاکی نیشتیمان لە ویژدانی هاونیشتیمانی ڕاستەقینەدا



عومەر مەحمود

دوای ڕێککەوتنی میسرو ئیسرائیل بەنێوەندگیری ئەمریکا و مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی (کامپ دێڤید ) لە ١٧- ٩- ١٩٧٨ ، کە بە ڕێککەوتنی خاک بەرامبەر ئاشتی (کشانەوەی ئیسرائیل لە خاکی میسر ، بەرامبەر ئاشتی لەنێوان میسرو ئیسرائیل) ناونرا .

لەکۆتایی قۆناغی گواستنەوەدا، کێشەیەک لەنێوانیاندا سەریهەڵدا . ئەویش ئەوە بوو هێزەکانی ئیسرائیل ناوچەیەکی سنوری بچوکیان لە ژێر دەستی خۆیان هێشتەوەو لێی نەکشانەوە کە پێی دەگوتری ( تابا ) .

هێزەکانی ئیسرائیل بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئەم ناوچەیە بەشێک نیە لەخاکی میسرو دەکەوێتە ناو خاکی فەلەستینەوە .

میسر بەم بانگەشانەی ئیسرائیل قەناعەتی نەکرد .

ئەوەبوو پەنای بردە بەر دادگای نێودەوڵەتی لە جنێف و چەندین بەڵگەنامەو نەخشەی پێشکەشکرد کە دەیسەلمێنن ، (تابا ) میسرییە . بەڵام دادگای نێودەوڵەتی قەناعەتی بەو بەڵگانە نەکرد و دەرگای واڵا کرد بۆ شایەتیدان لەسەر ئەو بابەتە .

عەقید (اسماعیل شیرین ١٩٢٠-١٩٩٤ ) کە ئەندامێکی خانەوادەی پادشای میسرو زاوای مەلیک فاروق بوو ، بەمەی زانی .

عەقید (اسماعیل شیرین )هاوسەری (فەوزیە)خانمی خوشکی (مەلیک فاروق) بوو .

( فەوزیە )خانم ئەمە شوی دووەمی بوو ، دوای جیابونەوەی لە شای ئێران . کەدواتر لەگەڵ دارو دەستەی (مەلیک فاروق) دوای ئینقیلابەکەی (جمال عبد الناصر) لەساڵی ١٩٥٢ میسری بەجێهێشت و لە (جنیف) گیرسایەوە . هەموو موڵک و ماڵیشی کە لەمیسر هەیبوو لەلایەن حکومەتی نوێوە دەستی بەسەردا گیرا .

عەقید اسماعیل بڕیاریدا بچێ لە دادگای نێودەوڵەتی لە قازانجی میسر شایەتی بدات ، سەرەڕای ئەوەی حکومەتی میسری دەستی بەسەر هەموو موڵک و ماڵیدا گرتبوو . تەنها بەجلەکانی بەریەوە لەمیسر دەرباز ببوو .

شایەتیەکەی پشتی بەوە بەستبوو کە سەرکردەی کەتیبەیەکی سەربازی بوو لە ( تابا)

چەندین نامەو وتاری فەرمی سەرکردایەتی سوپای میسری لابوو بۆ کەتیبە سەربازیەکەی لەو کاتەدا کە لە (تابا) بوو.

هەروەها ئەو نامانەی لە هاوسەرو خێزانەکەیەوە بەدەستی دەگەیشت و ئەو وەڵامانەش کە ئەو دەیناردنەوە . هەموویان مۆری فەرمانگەی پۆستەی میسرییان لەسەر بوو .کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی ( تابا) میسرییە.

لیژنەی شارەزایان و دادوەرەکانی دادگای نێو دەوڵەتی قەناعەتیان بەو بەڵگانە کرد کە عەقید اسماعیل شیرین پشکەشی کردن و بڕیاری لە میسری بوونی (تابا )دا

ئەوەبوو لەساڵی ١٩٨٨ سوپای ئیسرائیل کشایەوەو ( تابا) گەڕایەوە ژێر دەسەڵاتی میسری . دوای شەش ساڵ لە بێنەو بەردەی دادگا .

ئەوەی لێرەدا پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکرێ و قسەی دەربارە بکرێ هەڵوێستی مەردانە و نیشتیمان پەروەرانەی عەقید اسماعیل شیر ینە .

سەرەڕای ئەوەی حکومەتی میسر لە ساڵی ١٩٥٢ دەستی بەسەر موڵک و ماڵیدا گرتبوو . بەجلەکانی بەریەوە ئاوارەی هەندەران کرا . بەڵام هەموو ئەمە لە خۆشەویستی ودڵسۆزی بۆ نشتیمانەکەی کەمنەکردەوە و بەوبەڵگانەی لای بوو توانی (تابا) بگەڕێنێتەوە بۆ میسر .

ئەم پیاوە بەم هەڵوێستە مەردانەی سەلماندی کە خاکی نیشتیمان زۆر لەوە بەنرخترە بەکار بهێندرێ بۆ تۆڵە کردنەوەو دامرکاندنەوەی کۆنە قین .

لای ئێمە بەداخەوە بە کۆنەقین و بۆ تۆڵەکردنەوە لەیەکتری و بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تایبەت نیشتمان دەکرێتە کاڵایەک مامەڵەی پێوە دەکرێ . بەرژەوەندی گشتی دەکرێتە کارتی فشار بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تایبەت.

# بڵقاسم له شاخ و له شار

## عەلی محەمەد چوارتایی



ئەوکاتەی لەچیابوو دەیووت: خزمەتکاری هەژاران وبەش مەینەتانم، کە هەژارێك دەبینم چاوەکانم پڕ دەبێ لەگریان.
دەیووت: دەبێ من بمرم لەپێناوی کوڕە جوتیاریکی دەست قڵیشاودا.
له شاخ جووتێك پێڵاوی لاستیکی له پێدا بو، یەك دینار ویەک فلسە سوورەی لەگیرفاندا نەبوو، هاوڕێکانی پۆشاك و جل و بەرگیان بۆ دەکڕی، خزم و کەس وکاری لەگەڵ دا نەبوو، لەگۆچان بێکەس تربوو هاوڕێکانی دەیپاراست لەگڤەو لەڕەشەبای زستان.
بەهاوڕێکانی دەووت: براکەم یان کەسەکەم یان چاوەکەم، خۆش ئەوە بوو براکانی لەشار دەژیان و ژیانیان پارێزراو بوو، مێش میوانیان نەبوو. قاچێکیان له شاخ بوو ئەوی تریان لەئەمنە سوورەکەبوو.
زۆرجاریش کەدەهاتن بۆلای براکەیان کەدەچوونەوە بوشار ڕاپۆرتێکی چەورو پڕ له زانیاریان دەبردەوە بۆ ڕائید تەهای خزمیان.
بڵقاسم بڵقاسم بوو دەیووت: دنیای کۆن دەڕووخێنیین و دنیایەکی نوێ بۆمرۆڤە هەژارو نەدارەکانی نیشتمان دروست دەکەین.
گریان و شین لەسەرلێوی هیچ مرۆڤی برسی ناهێڵین و بزە و خۆشی بۆدڵە زیزە کان دەگێڕینەوە.
دەیووت: کۆشکی زێڕین و وتەلاری ڕەنگاو ڕەنگ بۆ کرێکاران وجووتیارانی نەدار بنیات دەنێین.
ئای کە سەیر بوو، من و هاوڕێکانم هەموو جار لەخۆشی قسەکانی چاومان پڕ دەبوو لەفرمێسک، دەیان شەو،خەوی ئەرخەونی و پرتەقاڵیم بەو جیهانە خەیاڵاویەی ئەوە وە دەبینی.
بووم بەدەروێشی دنیا خەیاڵاویەکەی بڵقاسم، چەرخی زەمانە گۆڕا، دنیا ژێرە و ژوور بوو.
بڵقاسم لەفریشتەوە بوو بە گورگێکی کەڵبەخوێناوی وزاڵم.
ئێستا لەناو کۆشکێکی ئاڵتونیدایە
ئێستا خاوەن بیری نەووت وبانکە
ئێستا خاوەن ڕەوەیەك پاسەوانی بێ رووحە
ئێستا خاوەن مونیکا وخانووە، نەوشەیەی چاو جوانە.
لەئێوارەیەکی غەمگینی شارەکەمدا خۆم و هاوڕێکانم لەبەردەم گازینوی زێڕینی شاردا وەستا بووین خەریکی گێڕانەوەی چیرۆکە ڕەشەکانی مێژووی کاروانێکی بێ کۆتایی بووین.
ئێوارەکە وەك من غەمبار وکەساس بوو، تیشکی خۆر خەریکی ماڵئاوای کردن بوو له من وخەڵکی شار.
بڵقاسم پەیدا بوو زیاتر لە دە پاسەوانی بەدواوە بوو، هاتە لامان چەند مەترێك لەدووری خۆم وهاوڕێکانمەوە ڕاوەستا.
ناپلوێنک بوو بۆخۆی، وەك ژەنەڕاڵکی سەربازی پاسەوانەکانی چوار دەوریاندا، چاوێکی گێرا چەپکێك دە هەزاردیناری سەوزی دەرهێنا، کۆمەلێك منداڵی هەژارو نەدار لەوێ بوون، کۆمەڵە دە هەزاریەکەی دابەش کرد.
کوڕێکی عەینەك لەچاوی ڕیشنی بالابەرز، دەمەتر لەمنەوە دووربوو بڵقاسم بانگی کرووتی: ئەودەهەزارەش بۆ تۆ.
کوڕە گەنجەکە ئاوها وەڵامی دایەوە ووتی: من پارەی تۆم ناوێت تۆ دەبێت خۆت و پارەکەت بدرێن بەدادگایەکی عادیلانە تۆ ئەوپارانەت بەڕەنجی شان پەیدا نەکردووە، من پارە له پیاوی وەک تۆ وەر ناگرم نەفرەت لەخۆت وپارەکەت.
بڵقاسم تێك چوو، ڕەنگ و سیماودیدەکانی وەك زەردە چەوەی لێهات، عارەق چۆڕ چۆڕ سێڵاوەی بەست بەسیما ورووممەتە سوورەکانی دا چووە خوارەوە، بچووك بووەوە گیان ودەستەکانی کەووتە لەرزین، شکۆی نەما، چاوەکانی خەڵکەکە بەدوو ئاراستە بوون بەکیان، بۆ کوڕە گەنجەکە ئازاکە، ئەوی تریان بۆبڵقاسم . پاسەوانەکانی چاویان سوور بوو دەیانویست، وەك کاوە گەرمیانی و سەردەشت عوسمان، هەنجن هەنجی بکەن. ئاخر چۆن دەبێت شکۆی پیاوێکی گەورەی سەردەمی شاخ وەك کەلەی شەکر بشکێنرێت؟ پاسەوانەکانی تووڕە دیاربوون چاوڕێی ئەمری گەورەکەیان دەکرد بۆ ئەوەی بەسزای گەلی بگەیەنن.
بڵقاسم هیچی نەکرد عارەقی تەوێڵ ودەمووچاوی سڕی وخۆی و پاسەوانەکانی لەچاوان وون بوون.
کوڕە گەنجەکەش مژێکی قووڵی لەجگەرەکەی لێوی دا، لەزاریەوە چەپکێك ئازایی وقارەمانی ڕەنگاو ڕەنگ ئاسمانی شارەکەمی جوان کرد، خەیالێکی ئاوریشمی لەجیهانێکی وێرانەی بێوەفادا.

# کاروانی ژیانم

## ئەحمەد حەمەساڵح



له ئێستادا
کە پایزی تەمەنمە
وێنەی بەهاری تەمەنم دێتەوە یاد
قژم قەترانی ڕەش،وحەزو خۆزگەم فراوان و هەمە ڕەنگ بوو
لەگەڵ کەمی ئەزمونیشدا،جێ باس و خواستی هەموان بووم
له ئێستادا
کە کاروانی ژینم،بەرەو ئاوابوونە
لەگەڵ زۆری و هەمەچەشنەی ئەزموونیشدا
پایزی تەمەن،گەڵای ژینم دەوەرێنێ
لەگەڵ خۆزگەم بۆ ژیانیش،ڕوخسارم ڕەنگی دەگۆڕێ
له بەهاری تەمەنمدا
وەک عیشقی ماسی بۆ ئاو
باڵندە بۆ فڕین و هەڵۆ بۆ لوتکە
له کوردایەتم دەرواني
بەنهێنی و بەسپرای سوور،بۆ ئازادی و شکۆداری نیشتیمان
له تاریکی شەودا،بە دروشم کۆڵانەکانی شارم دەنەخشاند
له پایزی تەمەنمدا
بە ئاشکرا ،هەر بۆ شکۆداری خاک و خەڵک
له نێو ئازادیەکی چەواشەو دەمامکداری دیموکراتییەوە
بۆ پێکەوەبوون ورۆحێتی یەکترقبوڵکردن دەنوسم
کە چۆن لە نێو قەیرانەکاندا،بەها مرۆیەکان وئەخلاق و ویژدان هەڕاجدەکرێ
له نێو ئازاری شکاندنی شکۆکاندا
هێواش هێواش پیری ڕوخسارم دەشێوێنێ و ڕۆژژمێری ژینم بەرەو هەڵوەرینە
کەچی هەر بە دوای پێناسەیەکی بەکرداری ئەخلاق له سیاسەت و ویژدان له پیشەدا دەگەڕێم.



# لە شکاندنی بایکۆت ئەوەی دە دۆڕێت دەسەڵاتە

## ڕەووف محەمەد ئالانی

(هەر خەسارێک کە خۆت بەدەستت هێنا، پێی مەڵێ زەرەر- ویلیام شکسپیر)
ئەوەی بۆتە مایەی نیگەرانی هەمووان، خەمساردی و عینادی و بێباکی و بێخەمی دەسەڵاتی بەناو خۆماڵی کوردییە لەمەڕ ویست و داواکانی چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بە گشتی و توێژی مامۆستایان بەتایبەتی، ئەمساڵی خوێندنی ٢٠٢٣-٢٠٢٤ بەهۆی بێبەشکردنی مامۆستایان لە مافەکانیان و پێنەدانی موچەکانیان، هەڵوێستیان وەرگرت و بایکۆتی ناوەندەکانی خوێندنیانکرد.
کە تا نوسینی ئەم وتارە پێنچ مانگ کاتی پرۆسەکە تێپەڕیوە، جگە لە چەند بەڵێنێکی زارەکی مەرجدار، هیچ بە مامۆستایان نەوتراوە وهیچیشیان بۆ نەکراوە. لەسەرەتای خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکان ئەوەی بەدیکرا ختوکەدانی لایەنێکی سیاسی دەسەڵات بوو، کە ئەو دۆخەی وەک کارتی فشار لەسەر لایەنەکەیتر بەکارهێنا، چاوپۆشی لە سزادان و فشارەکان کرد بۆسەر مامۆستایان، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت مامۆستایان بە پێی ئەجێندای ئەو لایەنە مامەڵایان کردبێت، بەڵکو ئەو حیزبە سیاسیە وەک کارتی فشار توێژەکەی بەکارهێناوە، تاقە شتێک کەکردبێتی چاوپۆشین بووە لە سزادان، بەڵام بە ڕوونی و بەدیار چاوی هەمووانەوە بینیمان کە ئەو لایەنە بەریکەوتنێکی سیاسی لەگەڵ لایەنەکەی تری دەسەڵات، چۆن وازی لە بێدەنگی هێنا و دەستیکرد بە فشارکردن بۆ سەر مامۆستایان و لێپرسینەوە و فشارکردن و سزادان تا گەیشتن بە هەژمارکردنی نەهاتن و لابردن و گواستنەوە، ئەمانەش هەموویان ئەچنە چوارچیوەی بەدەر لەیاسا لەکاتێکدا لایەنی بەرپرس هەڵنەستێت بە ئەرکی خۆی بە دابینکردنی مافە یاساییەکان کە پێدانی مووچە و ڕێزگرتن لە شکۆ و کەسێتی ئەو توێژە گرنگەی کۆمەڵگە.
لە ئێستادا ڕاستە زۆربەی قوتابخانە وخوێندنگەکان کراونەتەوە بە تایبەت ناو شاری سلێمانی، من وایدەبینم کە ڕاستە فشارەکان کاریگەریان هەیە بەڵام هەستکردنی مامۆستایان بە بەرپرسیارێتی گەورەترو پڕ بایەختر بووە، بەوەی دەسەڵات مەبەستێتی کۆمەڵگە گەشە نەکات و وەک خۆی ئەیەوێ وابێت، چونکە پێودانگەکان سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کە دەسەڵات هیچ بەتەنگ هۆشیاری کۆمەڵایەتیەوە نیە و خوێندن و خوێندەواری لای جێی بایەخ پێدان نیە.
هەندی کەس پێیان وایە وەڵامنەدانەوەی حکومەت بۆ مامۆستایان و گەڕانەوە بۆ دەوام هێمای شکستی ناڕەزایەتی و بایکۆتە، کە لای من پیچەوانەکەی ڕاستە، تەنها شکستی دەسەڵات و حکومەتە، چونکە ناکرێ وانابێ حکومەت لە ڕۆڵەکانی خۆی بێخەمبێت، ڕاستە ئامانجەکان نەهاتنەدی بەڵام دەکرێ سوود لە هەڵەکان ببینرێت و پێی بەهێز بن، بەوانە دەڵێم کە لایان شکستە، وەکو(تۆماس نیومان) بیربکەنەوە کە دەڵێ: (شکست بەهێزت دەکات).
هەرچەندە دەستەی مامۆستایانی ناڕازی و دەستەی داکۆکیکار لە مافی مامۆستایان و فەرمانبەران و وانەبێژان، هەرچیان پێکرا کردیان و جێی دەستخۆشیە، بەڵام هیچ کارێکیش بێکەموکوڕی نابێت.
وەک خۆم لەگەڵ بەشێکیان دانیشتوم و سەرنج و بۆچوونی خۆم لەسەڕ کێشە وگرفت وهەنگاوەکان لە گەڵیان ئاڵوگۆڕ کردووە، بەڵام هەستم بە هیچ ڕەنگدانەوەیەک نەکرد، بۆیە گەیشتم بەو بڕوایەی نایانەوێ گوێ لەکەسیتر بگرن جگە لە خۆیان.
(ڕودیارد کیپلینگ)دەڵێ:(هەرکەسێک بیەوێت سەرکەوتوو بێت، دەبێت بوێر بێت و زۆر لە شکست و دۆڕان نەترسێت).
لە بەرنامەکانی تیڤی کە چاوپێکەوتنم لەگەڵ کراوە، بەڕاشکاوی ڕەخنەم لە شێوازی بایکۆتکردن بەو شیوازە گرت، کە دەبوو سوود لە ئەزموونی وڵاتان وەربگیرێت، ناکرێ لەهەنگاوی یەکەمدا کۆی پرۆسەکە ڕابگیرێت، دەکرا هەنگاو بەهانگاو فشار بکرێتە سەر دەسەڵات، لەو کاتەدا چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەش هاوکار و پشتیوانی ناڕەزایەتیەکان دەبوون و حکومەت ناچار دەبوو مل بۆ داواکاریەکانی مامۆستایان بدات.
(عەمر وەلجوندی)دەڵێ: (سودبینین بە مانای سەرکەوتن نییە، هەروەها دۆڕانیش بە مانای شکست نییە).
ئەوەی بۆ هەمووان ڕوونە و بەرچاوە، ئەوەیە تا حوکمڕانی بەم جۆرە کارەکانی ڕایی بکات و منەتی بە کەس نەبێت، دڵنیام ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان و بایکۆت بەردەوام دەبێت لەساڵانی داهاتوودا، ناکرێ دەستە گروپیک بەهەر مەبەستێک بێت ئەوەندە لە خۆیان ڕازیبن، ڕێ بەکەسیتر نەدەن بۆچوونی جیاوازی لەوان هەبێت، پێموایە ئەوەش زیان بە کایەی ناڕەزایەتی و کۆی کۆمەڵگەش دەگەیەنێ، لەبەر ئەوەیە کەسێکی بە ئەزموون و خاوەن بیرڕوونی وەک (برایان تریسی) دەڵێت(خراپترین بیروباوەڕی سنووردارکردنی خود، ترسە لە شکست، ترس لە لەدەستدان، هەژاری، هەڵە، یان نەگەیشتن بەو ئامانجەی کە بۆ خۆتت داناوە).
با دەسەڵاتی خۆماڵی کوردیش دڵی بەوە خۆشنەکات کە تواناى شکستهێنانی ناڕەزایەتیەکانی هەیە و خۆی بە پاڵەوانی بەڕیوەچوونی کۆمەڵگە و گرفتەکان بزانێت، ئەمەوێ بۆ ئەم بۆچوونەم وتەیەکی (وارسان شایر) بکەمە کۆتایی وتارەکەم کە دەڵێت: (ئێمە بە پێکەنین ئازاری لەدەستدان دەشارینەوە).

## پاسکیلەکەم

### جوان محمد



پاسکیلەکەم زۆر جوانە
لێی دەخورم بەژیرانە
کاتێک بەکاری دێنم
ئاسان دەمباتە شوێنم
بەهێزی هەردوو دەستم
دەتوانم ڕێک ڕاوەستم
کەقاچم دەجوڵێنم
تایەکان دەسوڕێنم
بەقەراغ ڕێ دا دەڕۆم
زۆر هۆشیارو لەسەرخۆم
پاسکیلەکەم خۆش دەوێت
جەستەم پێی بەهێز دەبێت.





# گرێـتا تـونبێـرگ چالاکـوانێکی جیهـانی کەشـوهـەوا

رەزا شـوان
دوبـەی:٢٠٢٤

ئەگەر بە وردی مێژوو بخوێنینەوە، ئەم راستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هەموو گۆڕانکارییە گەورەکان و هەموو بزووتنەوە گەورەکان، هەمیشە لە سایەی خەبات و تێکۆشان و سووربوون و سەرگەرمی و سەرەکێشی و سەرسەختی لاوانی خوێن گەرم و گەشبین و متمانەبەخۆ و ئیرادە پۆلاین و پێشەنگدا هاتوونەتەدی.

گرێتا ئێلیۆنۆر ئێرمان تونبێرگ. ناسراویشە بە (گرێتا تاتان ئێلیۆنۆر ئێرمان تونبێرگ) چالاکوانێکی کەشوهەوای سویدی و جیهانییە و لە هەموو جیهاندا ناسراوە.

گرێتا تونبێرگ لە رۆژی (٣/ یانوار/ ٢٠٠٣) لە (ستۆکهۆڵم) ی پایتەختی سوید لەدایک بووە. کچەگەورەی دایک و باوکێتی. دایکی (مالینا ئێرمان) گۆرانیبێژێکی ئۆپیرا بوو. باوکیشی (سفانتێ تونبێرگ) ئەکتەرێکی ناوداری ئەمریکی بوو. باپیرەشی (ئۆلۆف تونبێرگ) ئەکتەر و دەرهێنەر بوو. گرێتا دەڵێت:"لە سەرەتادا من کچێکی شەرمن و بێدەنگ و کەمدوو بووم. دوایی گۆڕام و بووم بە چالاکوانێکی کەشوهەوا".

گرێتا تونبێرگ، ئەو هەرزەکارە سویدییە قسە نەرم و نیانە، زۆر زوو خونچەی پشکووت. بوو بە یەکێک لە ویژدانی جیهانی و بە یەکێک لە چالاکوانە دیارییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لە جیهاندا. بوو بە سەرکردە و بە پێشڕەوی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی جیهانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشەی کەشوهەوا. بوو بە چالاکوانێکی سەرسەختی ژینگەیی. گرێتا لە تەمەنەی (٨)ساڵیدا، لە (دێسەمبەری/ ٢٠١٨) دا، بۆ یەکەمجار گوێی لە وتارێک بوو دەربارەی کەشوهەوا. بەڵام لەوە تێنەگەیشت، کە بۆچی کار بۆ زیاتر لەو بارەیەوە نەکراوە. پرسی کەشوهەوا، خەیاڵی سەرقاڵ کرد. لە ماوەی چەند ساڵێکدا، خووەکانی خۆی گۆڕین و بوو بە ڤیگن (رووەکخۆر)، رەتیشی کردەوە کە گۆشت بخوات و بە فڕۆکە گەشت بکات. چونکە پێیوایە کە (ئاژەڵ و فرۆکە بڕێکی زۆر لەو گازانە دەردەکەن کە بەشدارن و هۆکارێکن لە پیسبوونی کەشوهەوای جیهان و زیادبوونی رێژەی گازی کاربۆن).

گرێتا تونبێرگ لە تەمەنی (١١) ساڵیدا تووشی خەمۆکی بوو. وازی لە قسەکردن هێنا. دوایش تووشی نەخۆشی (ئاسپێرگەر) بوو کە لە ئێستادا بە (ئۆتیزم) دادەنرێت، تووشی دڵەڕاوکێ بوو. بەڵام لەگەڵ زیرەکی ئاسایی و گەشەکردنی زماندا، ئەو کەسانەی کە نەخۆشیی ئاسپێرگەریان هەیە، مەیلی ئەوەیان هەیە، کە بە قووڵی سەرنجیان لەسەر یەک بیرکردنەوە و یەک گرنگیدان بدەن. بابەتی گرێتا تۆنبێرگ گۆڕانی کەشوهەوا یە.

کە لە ئەمڕۆدا بووە بە کێشەیەکی سەرەکی جیهانی، ترسی ئەوە هەیە کە لە داهاتوودا کاریگەریی نەرێنی لەسەر ژیانی مرۆڤ هەبێت. بۆیە ساڵانە کۆنگرەیەکی گشتی بە ئامادەبوونی بەشێکی زۆری سەرکردەکانی جیهان بەڕێوەدەچێت، سەبارەت بە گۆڕانی کەشوهەوا و چارەسەرکردنی، چەندین باس و لێکۆڵینەوە تاوتوێ دەکرێن.

گرێتا، لە (ئەیلولی/ ٢٠١٨) دا، سێ هەفتە لەپێش دەستپێکردنی هەڵبژادنەکانی پەرلەمانی سوید، نەچوو بۆ قوتابخانە، بۆ ئەوەی لە دەرەوە، لەبەردەم پەرلەمانی وڵاتەکەیدا دابنیشێت و مانبگرێت. تابلۆیەکی سپی بە دەستەوە گرت، کە بە زمانی سویدی لەسەری نووسرابوو (مانگرتنی قوتابخانە بۆ کەشوهەوا) هەرچەندە لە یەکەم رۆژی مانگرتنەکەی بە تەنیا خۆی بوو. بەڵام لە رۆژانی دواتر خەڵکییەکی زیاتر و زیاتر چوونە پاڵی. چیرۆکی مانگرتنەکەی، سەرەنجی نێودەوڵەتی راکێشا.

لە دوای هەڵبژاردنەکان، گرێتا تونبێرگ گەڕایەوە بۆ قوتابخانە. بەڵام درێژەی بەوەدا، کە رۆژانی هەینی ناچوو بۆ قوتابخانە. گرێتا لە ساڵی (٢٠١٨) دا. لەژێر دروشمی (رۆژانی هەینی.. بۆ داهاتوو) لەبەدەم بەرلەماندا مانی دەگرت. بۆ ماوەی (٢٥١) هەفتە درێژەی بە مانگرتن دا. تا ساڵی (٢٠٢٣) کە قۆناغی ئامادەیی تەواوکرد و قوتابخانەی نەما، کۆتایی بە مانگرتن هێنا. بەڵام تابلۆکەی دەستی، بەقەد دیواری کۆشکی بەردەم پەرلەمانی سویددا هەڵواسی.

دەستپێشخەرییەکەی گرێتا لە مانگرتنندا، بووە هۆی وروژاندنی بە هەزاران لە خوێندکار و لاوان لە جیهاندا، بۆ نارەزایی دەربڕین بۆ گۆڕانی کەشوهەوا. لە دواییدا گروپی (هەینی بۆ داهاتوو) دامەزراند. ئەم گروپە زۆر بە خێرایی تەشنەی کرد و سەرانسەری جیهانی گرتەوە و بوو بە بزووتنەوەیەکی کەشوهەوای جیهانی.

گرێتا دەڵێت:"لە ناخمدا هەست بەوە دەکەم، ئەگەر نارەزایی دەرنەبڕم، دەمرم". وتیشی:"ئێستا کەسانی زیاترمان هەیە، کە لە بزووتنەوەی کەشوهەوادا، لە شەڕی کەشوهەوا و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا، کۆکراونەتەوە".

تونبێرگ، بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی زیاتری هەبێت، هەوڵیدا یاسادانەران هان بدات بۆ چارەسەرکردن و بە یاساکردنی گۆڕانکاریی کەشوهەوا و ژینگەپارێزی.


چالاکییەکانی گرێتا تونبێرگ، لە ساڵی (٢٠١٩) دا، رێگەی بۆ هەرزەکاران و لاوان خۆشکرد بۆ رۆژێک خۆپیشاندان، کە لە هەموو کێشوەرەکاندا ئەنجامی بدەن. ئەوەبوو لە (١٦٣) دەوڵەدا خۆپیشاندانی نارەزایی بۆ کەشوهەوا کرا. ئەوە یەکەمجار بوو کە منداڵان و لاوان خۆپیشاندان بکەن و بە کۆمەڵ داوای پارستن و چارەسەرکردنی کەشوهەوا بکەن. لە زۆربەی خۆپیشاندانەکانیشدا، وێنەی چالاکوانی کەشوهەوا، گرێتا تونبێرگ یان بەرزکردبوونەوە.

گرێتا وەک هەرزەکارێکی (١٥) ساڵان، بە پەیامێکی تاکەوە دەستی پێکرد. بەڵام بزووتنەوەکەی بوو بە بزووتنەوەیەکی جیهانی و تا ئێستا، لە (٧٥٠٠) شار لە جیهاندا بڵاوبووەتەوە.

گرێتا تونبێرگ، ئەمساڵی خوێندنی کردووە بە پشوو، لەوانەیە ساڵی داهاتوو، بچێتە زانکۆ و درێژە بە خوێندن بدات. کارەکەی وروژێنەر و ئیلهامبەخش بوو، بۆ بە سەدان هەزار خوێندکار لەسەرانسەری جیهاندا، بۆ بەشداریکردن لە هەینییەکانی خۆیاندا بۆ داهاتوو، کە لەم وڵاتانەدا خۆپێشاندانی نارەزایی دژ بە پیسکردن و بە ژەهراویکردنی کەشوهەوا بەڕێوەچوون: بەلچیکا، کەنەدا، ئەمریکا، بەریتانیا، فینلەندا، دانیمارک، فەرەنسا، هۆڵەندا، ئەڵمانیا.

(مانگرتنی قوتابخانە بۆ کەشوهەوا) بووە بە ئایکۆنێکی جیهانی.

گرێتا دامەزرێنەر و رابەری بزووتنەوەیەکە، کە بە (رۆژانی ٢٠١٨ ) ناسراوە. کاری بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گۆڕانی کەشوهەوا کردووە.














گریتا تونبێرگ، وەک چالاکوانێکی سەرسەختی کەشوهەوا، بووە بە کەسایەتییەکی ناسراوی جیهانی. چەندین بانگهێشتنامەی وەرگرت، بۆ قسەکردن لەسەر گۆڕانی کەشوهەوا. لە کۆڕبەندی ئابووری جیهان لە (داڤۆس) لە سویسرا و لە پەرلەمانی ئەوروپا، لە کۆنگرێسی ئەمریکا دا بەشداریی کرد و دەربارەی کەشوهەوا قسەی کرد. هەروەها لە دەزگاکانی یاساداناانی کەشوهەوا لە: ئیتاڵیا و فەرەنسا و ئەمریکادا بەشداربوو و تاری لەسەر کەشوهەوا و ژینگە پێشکەشکرد. لە پاریس و بەرلین و نیویۆرک و چەندین شاری تری جیهان، بەشداریشی لە خۆپیشاندانەکانیان بۆ گۆڕینی کەشوهەوا کرد و وتاری پێشکەش کردووە. گریتا چالاکوانێکی چاونەترسە و زۆر بە راشکاوی و بوێرییەوە، رووبەڕووی سەرۆکەکان بووەوە و رەخنەی لێیان گرت، لەوانەش، دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا. وتارەکانی گریتا، تۆنێکی شەرمەزارکردنی دەسەڵاتدارانی لەخۆگرتوون. لە وتارێکیدا، لە (٢٣/ سێپتەمبەر/ ٢٠١٩) دا، لەبەردەم لووتکەی سەرکردەکانی جیهاندا لە نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە (گەرمبوونی جیهان) کە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان (ئەنتۆنیۆ گۆتێرێش) ئامادەبوو،

گریتا بە سەرکردەکانی جیهانی وت:" بە قسە پووچەکانتان، ئێوە چۆن وێراتان؟ خەونەکانم و منداڵیمتان دزیوە". وتیشی:"پێتان باشبێت یان باش نەبێت گۆڕانکاری بەڕێوەیە". ئەم هەستانەی لە سەرانسەری جیهاندا دەنگیان داوەتەوە. ئازایەتی و بوێری بە چالاکوانانی گۆڕانی کەشوهەوا بەخشیون. واشییان لە سیاسەتمەداران کردووە کە ئاسوودە نەبن. بە وشە ئاگرینەکانی گەلێک لە سەرۆکەکانی جیهانی تەزاند. لەوانەش سەرۆکی پێشووی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ. ترامپ دەربارەی گریتا تونبێرگ، وتی:"ئەو لە کچێکی بچووکی زۆر دڵخۆش دەچێت، بە ئەوپەڕی چاوەڕوانییەوە، چاوەڕوانی داهاتوویەکی گەش و نایاب دەکات".

گریتا ئەوەشی بە سەرکردەکان وت:"نامەوێت گوێ لە من بگرن، دەمەوێت گوێ لە زاناکان بگرن. دەمەوێت لە پشتی زانستەوە یەکبگرن".

بۆچی گریتا تونبێرگ، گەورەکان هەراسان دەکات؟ لە راستیدا پێموایە، رەنگە هەرزەکارییە توندەکەی و قسەلەڕووەکانی، کلیلی کاریگەرییەکانی بێت.

گریتا تونبێرگ لە (سێپتەمبەری/٢٠١٩) دا، لە بۆنەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بانگهێشتی ئەمریکا کرا. بە یەختێکی بێ دەردانی گازی ژەهراوی، لەگەڵ باوکیدا بۆ ماوەی دوو هەفتە، بە زەریای ئەتڵەسیدا، گەشتیان کرد تا گەیشتە ئەمریکا. لە شاری نیویۆرک، لەبەردەم هەزارن کەسی ژینگەدۆست و دژی گۆڕانی کەشوهەوا، وتارێکی گرنگی سەرنجڕاکێشی لەسەر کەشوهەوا پێشکەشکرد.

گریتا تونبێرگ، چەند جارێک لە لایەن پۆلیسی سویدەوە گیرا و دوایی ئازادیان کرد.

لە ساڵی (٢٠١٩) دا، سێ نوێنەری نەرویج، گریتا تونبێرگیان بۆ وەرگرتنی (خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی) کاندیدیان کرد.

گریتا تونبێرگ، تا ئێستا سێ کتێبی دەربارەی کەشوهەوا نووسیوە و چاپیکردوون.

تا ئێستا لە سوید و لە دەرەوەی سوید، چەندین خەڵاتیان پێشکەش کردووە. لەوانەش:

لە ساڵی (٢٠١٩) دا (خەڵاتی نێودەوڵەتی ئاشتی منداڵان) یان پێبەخشی. هەروەها لە لایەن (رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتییەوە) لە واشنتۆن (خەڵاتی باڵیۆزی ویژدان) یان پێبەخشی. لە سوید لە ستۆکهۆڵم خەڵاتی ژینگەیان پێبەخشی. بەڵام گریتا تونبێرگ، ئەم خەڵاتەی وەرنەگرت و رەتیکردەوە. لە پۆستێکدا لە ئینستاگرام روونیکردەوە، کە:"بزووتنەوەی کەشوهەوا، پێویستی بە خەڵاتی زیاتر نییە".

لەلایەن گۆڤاری (تایم)ی بەناوبانگەوە. نازناوی باشترین کەسایەتی ساڵی (٢٠١٩)ی بەدەستهێنا. بچووکترین کەسایەتیی ئەو ساڵە بوو، کە ئەم نازناوە بەدەستبهێنێت.

(ئێدوارد فێلسنتاڵ) ی سەرنووسەری گۆڤاری تایم، وتی:"ئەو بۆتە گەورەترین دەنگ لە گەورەترین پرس کە ئەمساڵ رووبەڕووی هەسارەکەمان بۆتەوە، ئەو لە هیچەوە هات، بۆ ئەوەی سەرکردەیی و رابەری بزووتنەوەیەکی جیهانی بکات".

فیلمێکی دیکۆمێنتارییان دەربارەی ژیان و چالاکییەکانی گریتا تونبێرگ دەرکردووە.

(*) بۆ نووسینی ئەم بابەتە، سوودم لە چەندین سایتی ئینگلیزی وەرگرتووە.





# خۆ هەڵقورتان و چوونە ناو ژیانی تایبەتی کەسانی ترەوە (بەشی دووەم )

تەها عومەر

بەشی دووەم :

دوای ئەوەی باسمان لەو دیاردەیە کرد ، ئێستا پێم باشە چەند نموونەیەکی زیندوو لەو خۆهەڵقورتاندنانە لەژیانی تایبەتی خەڵکانی تر بێنینەوە :

١ - هاوڕێیەکم بۆی باس کردم و وتی : بە حوکمی کارەکەم کە کاتێکی زۆرم ئەباو کەمتر ئەکەومە ماڵەوە ، چەند کەسێکی نزیک لەخێزانەکەم لەهاوڕێ و خزم ودراوسێ ، قسەیان بۆ خێزانەکەم کردبوو کە تۆ چەندە گوناهیت و تاوانت چیە کە زۆربەی کات هاوسەرەکەت لەسەرکارەوە لای تۆ نیە ؟ باشە چۆن تەحەمول ئەکەیت و کات چۆن بەسەرئەبەیت ؟ چۆن ئەو وەزع و ژیانە قبوڵ ئەکەیت ؟ ئەی باشە کەی یەکتر ئەبینن و کەی بەیەکەوە قسەئەکەن ؟ تەنانەت باسی پێکەوە نووستنیشیان کردبوو ، دڵیان کرمێ کردبوو کە ڕەنگە بەدزیەوە ژنی ترم هەبێ ،

بەڵێ بەم جۆرە وبەهەڵدانی ئەم قسەنابەجێیانە ئاگریان کردبوو بە بەنزینداو هەرڕۆیشتمەوە بووبە دەنگە دەنگمان ، وتم گوناهی من چیە و چی بکەم کارەکەم ئاوایە گەر تۆ پێت خۆش بێ وازی لێ دێنم ، ئیتر ئەمرۆ ژیان قورسەو ئاوا پارە پەیدائەکرێت ، بۆ بوونی ژنی تریش یان بوونی کەسی تر لەژیانمدا سوێندم بۆ خوارد کە شتی وانیەو گەرپێت خۆشە ڕۆژانە وەرە بۆشوێنی کارەکەم تا دڵنیابیت ،

ئیتر نازانم ئەم کەسانە بەم قسەوقسەلۆکانە چیان دەستکەوت لەئاژاوەنانەوەو تێکدانی ژیانی خێزانێک زیاتر .

٢ - هاوڕێیەکی ترم وتی دەربارەی من پرسیاری نوێژو ڕۆژوویان لەخێزانەکەم کردبوو ، ئەمیش وتبووی نایکا بەڵام هەتابڵێی کەسێکی دەست ودەم و دڵ وداوێن پاکەو زۆرلەگەڵ من باشەو ڕێزم لێ ئەگرێ ، ئەوانیش پێیان وتبوو ، هەی هەی ، ئەی چۆن تائێستا لەگەڵ کافرێکی وا ژیاویت و لێت قبوڵ کردووە فێری ئەوشتانەت نەکردووە ؟ ئەی تۆ چووزانیت دەست ودەم وداوێن پاکەو خیانەتت لێ ناکات ؟ ، ئەی چۆن تەڵاقی خۆت لێوەرنەگرتووە ؟

بەڵێ بەم قسە ئاگراویانە ئاگریان بەردایە ماڵێکی ئارام و بێ کێشە ،

خۆ لەسەرێکەوە ئەوکەسانە گەرئەوقسانەش بکەن ناهەقیان نیە ، چونکە بەداخەوە هەندێ لەمەلاو پیاوەئاینیەکانی ئەمرۆمان فەتوای کافربوونی خەڵک دەرئەکەن و لەجیاتی پێک هێنانەوەی خێزانەکان لەکاتی ناکۆکیاندا کەچی بەم فەتوایانە هەوڵی لێک جیابوونەوەیان ئەدەن بەبێ ئەوەی خۆیان کێشەیان هەبێت ، لەم ڕووەشەوە نموونەی بەرچاو هەیە ،

لەکاتێکدا تەنها خوا خۆی ناخی مرۆڤەکان ئەناسێ وئەزانێت دڵەکان چیان تێدایە و کەس ناتوانێت فەتوای وا لەسەر هیچ کەس بدات ،

خەیامی شاعیر لەوڕووەوە و لەسەر ئەو تێڕوانین و تەکفیرکردنە زۆرجوانی وتووە :

ئەگەر بێ دینم ، گەر بێ ئیمانم

ئەگەر سەرخۆشی مەیخانەکانم

هەرکەس بەڕەنگێ لەمن تێ ئەگا

منیش هەر ئەوەم کە خۆم ئەیزانم .

٣ - هاوسەری ناسیاوێکمان بەرپرسی کارەکەی پێی وتبوو تۆ ئافرەتێکی چەندە چاک وبەڕێزو شیک و ڕێک وپێکی ، خۆزگە مێردەکەتم ببینیایەو بمناسیایە تابزانم شایانی تۆیەو لێت ئەوەشێتەوە ؟

باشە ئاخر تۆ چیت تائەو حوکمە بدەیت و ئەوهەڵسەنگاندنەیان بۆ بکەیت ؟ دادوەری لێکۆڵینەوەیت ؟ توێژەری کۆمەڵایەتیت ؟ پارێزەریت ؟ یان کەسێکی یاساییت و لەیاسا خوێندووتە ؟!

٤ - هەندێ لەژنان بەداخەوە خوویەکی زۆرسەیریان هەیە ، لەشوێنی کارەکەیان ولای هاوڕێ وهاوکارەکانیان دەست ئەکەن بەوەسفی مێردەکانیان کە چیان بۆئەکەن و چەندەبۆیان باشن و هەرچی ئیش هەیە بۆیان ئەکەن وئەمان بۆخۆیان پاڵیان لێداوەتەوە و بۆکوێش پێیان خۆش بێ ئەیانبەن ، کە لەڕاستیدا ئەوشتە ئەسڵ وئەساسی نیەو تەنها بۆدڵتەقاندن وخەم پێدانی هاوڕێکانیان ئەوقسانەئەکەن و ئەوژنانە ئەکەن بەئاگر لە هاوسەرە داماوەکانیان ، خۆ هەموو کەس حەزئەکا خێزانەکان هەموو بەوشێوەیە کۆک وتەباو ڕێک وپێک بن بەیەکەوە ، بەڵام دیارە ئەمانە ئەزانن لەکوێوەقسەئەکەن و ئەزانن بەرامبەرەکەیان کەئەم قسەیان بۆ ئەکات کوێیان دێشێ و تەنها بۆپۆزلێدانەو هیچی تر .

٥ - ئەم نەگبەتیی پۆزلێدانە لەگەورەکانەوە گواستراوەتەوە بۆ منداڵەکانیش ، زۆرلەکچان وکوڕان لای هاوڕێکانیان باس لەوە ئەکەن کە خانوویەکی چەندەگەورەو خۆشیان هەیەو ئەمانیش لەوخانووە خۆشترین ژووری خۆیان هەیە کە هەمووشتێکی تێدایە ، هەروەها ساڵی چەند جارێک گەشت ئەکەن بۆئەوروپاو وڵاتانی دنیاو چەندیان پێ خۆش بێ ئەمێننەوەو ڤیزایان هەیە کە ئەتوانن کەی بیانەوێ و بۆکوێ بیانەوێ گەشت بکەن ،

بەڵێ بەم جۆرە ئاگربەرئەدەنەدڵی ئەوهاوڕێیانەیان کە تواناى ئەم شتانەیان نیە و بگرە تەنانەت ژوورێکی خۆیشیان نیە ، بێگومان ئەم کارەش لەدایک وباوکیانەوە فێربوون کە فێریان ئەکەن پۆزلێبدەن و دڵی هاوڕێکانیان بتەقێنن .

ئای چەندە دیاردەیەکی قێزەونە .

## گۆڕستانێک بۆ هەموو ئایینەکان

گۆڕستانی سیکەنەو سەرخان لە گوندی سیکەنە لەسنوری پشدەر یەکێکە لە ناوچە مێژووییەکان لە هەرێمی کوردستان و مێژووەکەی بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە ، لە گۆرستانەکەدا کۆمەڵێک کێلی کۆن و پڕ نەخش و نیگاری تێدا بەجێماوە، کە بەپێی وتەی شوێنەوار ناسان هێما و نیشانەی سەر کێلەکان، لە خۆر، خاچ، ئەستێرە، شمشێر، چەک پێکهاتوون و بەشێکیان دروشمی و نوسینی ئاینیان لەسەرە و پەیڕەوانی چەند ئاینێکی جیاواز تێیدا نێژراون.

سایتی نوێ





# ١٠ بروسکە چیرۆک
## نوسینی: هێدی گەلاڵی



**رۆندک**

ئەو ساڵە زۆرەی کە لە زیندان بو کەوتە سۆراخی ماڵەکەیان بۆی دەرکەوت لە هەمان گەڕەک و کۆڵان نیشتەجێن. بە لێبوردنی گشتی ئازاد کرا بەرەو ماڵەوە بە رێکەوت پەرۆشی و دڵخۆشی پێوە دیار بو. کە داخلی کۆڵانەکەیان بو بینی

کچێکی باڵا بەرزی رەشپۆش بە هەمان ئاراستەی ماڵەکەیان چەند هەنگاوێک لە پێشەوەی رێ ئەکات، ئەویش هەنگاوەکانی خێراتر دەکرد بۆئەوەی زو بگاتەوە لای دایک و خوشکە تاقانەکەی ! کچەکە ئاورێکی دواوەی دایەوە پیاوێکی قژ ئاڵۆزکاوی بینی ریشێکی زبر و رەشی بە روخسارەوە بو بەم دیمەنە زارەترەک بو! چەند هەنگاوێک دەرۆیشت و جار ناجارە ئاوڕی دەدایەوە دەشیبینی پیاوە ریشنەکە هەنگاوەکانی خێراتر دەکا ! زۆر لێی نزیک بویەوە دەیویست دەستی لە مل بکات و تێر ماچی بکات و تامەزرۆی ئەو چەند ساڵەی تەنیایی و دابڕان و دوریەی بشکێنێت. کچەکە هەنگاوەکانی خێراتر کرد لەخۆی دەپرسی ئاخۆ دەبێ ئەو پیاوە سیما ماندو و رەنگ پەڕیوە مەبەستی چی بێت بەدوامدا دێت؟

گەیشتە بەردەم دەرگای ماڵەکەیان بە دڵە کوتێ و بە هەردو دەست لە دەرگای حەوشەکەیانی دەدا لەگەڵ کردنەوەی دەرگادا ئەویش گەیشتە بەردەم دەرگاکە دایکی دەرگاکەی کردەوە حەپەساو باوەشی پیا کرد و دەستیان لە ملی یەکتر کرد فرمێسکی خۆشی لەسەر کوڵمەکانیان ریزی بەست و تێر گریان!

وتی : نەمردم ئەمجارەش کوڕەکەم بینیەوە.

**قوربانی**

لەسەر پردی کۆماری پایتەختدا کۆمەڵ کۆمەڵ وەستابوون نەغمە و دەنگی نەورەسەکان گوێی هەستیان ئارام دەکردەوە.. هەمویان سیخناخی ڕامانێکی قوڵ ببون و گوێیان بۆ دەنگی نەورەسەکان هەڵخستبو! ریز ریز و پۆل پۆل ئاسمانی ئەو ناوەیان تەنیبو، تا دەهات ژمارەی نەورەسەکان زیاتر و زیاتر دەبو تابلۆیەکی ناوازەیان لەو بۆشایی ئاسمان و کەنار ئاوی ژێر پردەکە رەنگرێژ کردبو...! قیژەی ئەوان بۆ قوتی رۆژانەیان بو ، لە پێناو مانەوەدا ناچار دەبون وردە ماسی و کرمی کەنار ئاوەکە بخۆن!! جۆرێک لە باڵندەکان ئەگەر بونەوەرێک نەکەنە قوربانی ژیانی خۆیان مانەوەیان دەکەوێتە مەترسیەوە! سەیر لەوەدایە مرۆڤ هەیە ، مرۆڤگەلێک دەکەنە قوربانی خۆیان بێئەوەی بونی لە مەترسیدا بێت.

**لەخۆبایی**

تازە پێی نابوە تەمەنی هەرزەکاری لە لایەن خزمێکیانەوە دەستنیشان کرابو کە گەورەتر بو ببێتە بوکی ماڵەکەیان و بۆ کوڕەکەی بیگوازنەوە.

داخوازیەکان تا دەهات زۆرتر دەبون . کچەکە بەرز دەیڕوانی لەخۆبایی و هەڵپەی ژیان تەنگی پێ هەڵچنیبو. لە دواجاردا هەرزەکاریەکەی بە قەیرەیی سپارد.

**ترس**

لەگەڵ گەیشتنی بە بازگە سەرەکیەکەی دەروازەی شار هێشتا ئاسایشی بازگەکە داوای ناسنامەکەی نەکردبو شپرزەیی و شڵەژانێکی خێرای بە روخساریەوە بەدی دەکرا.

پاش ئەوەی لەلایەن ئاسایشەکەوە ناسنامەکەی لێوەرگیرا دەرکەوت هەمو شتێکی تەواوە ، ئەوەی وای لێکردبو بشڵەژێ ترس بو بە دەنگێکی نزم وتی: تەواوی تەمەنی گەنجێتی لە بەندیخانە و لە ژێر ئەشکەنجەدان بردۆتە سەر توشی ترس و دڵە ڕاوکێ و تێکچونی باری دەرونی بوە. هەر چەکدار و پیاوێکی دەستەلات ببینێ ئەشکەنجەدانی ساڵانی پێشوتری بیر دێتەوە.

**نەخۆش**

هەمو رۆژێک بە لەشساغی سەردانی بنکەی تەندروستی گەڕەکەکەیانی دەکرد و یەک دو پارچە حەبی سەرئێشە و ئازاری جەستەی وەردەگرت، ، پزیشک و کارمەندانی بنکەکە دەیاناسیەوە لای ئەوان ژنێکی نامۆ نەبو بە بنکەکە. سەریان سوڕمابو سێ رۆژ بو لە بنکەکە نەیان دەبینی! رۆژی چوارەم لە بنکەکە دەرکەوتەوە.

کارمەندەکان لێیان پرسی باجی بۆچی دو سێ رۆژە دیار نەبوی؟

وتی: نەخۆش بوم.

**یاسا**

ئاشکراکردنی دۆسیەی دزینی پارەی مەملەکەت لەلایەن رۆژنامەنوسێکی بوێر بوە هۆی ئەوەی دادگا حوکمی چوار ساڵ زیندانی بەسەردا بسەپێنێت! هەمان دادگا نەیتوانی بەرپرسە باڵاکە نەک هەر دادگایی بکات تەنانەت ئاگاداریشی بکاتەوە.

راستە دەڵێن: یاسا تۆڕێکە ماسیە بچوکەکان دەگرێت.

**ژوان**

لە مێژساڵ بو لە خۆشەویستەکەی دابڕابو، کە یەکتریان بینی هەمو شتێک ئاسایی بو، ئەوەی نائاسایی بو، لێدانی دڵیان بو.

**جیاواز**

بۆئەوەی وا نیشانی خەڵک بدا، کە لە گەڵ مۆدێل دەڕوا هەڵسوکەوتی لە هاوڵاتی ئاسایی ناچێت! قژێکی درێژی هێشتۆتەوە لە دواوە بە توقە هەندێجار بە لاستیکێکی رەش دەیبەستێت! زنجیرێکی رەساسی لە مل دەکا و یەک دو بازنی لاستیکیش لە دەستەکانی. تا دێت جیاوازیەکان لای کوڕە مۆدێلەکان تۆختر دەبێتەوە.

**کرێکار**


لەبەرئەوەی کوڕی بەرپرسێکی مەملەکەتە بەم تەمەنی هەرزەکارییەوە خاوەن کۆمپانیایەو بێ ئارەق ڕشتن دەیان دەفتەر دۆلاری پەیداکردوە! ئەمیش بە کرێکاری و هێزی بازوو جگە لە رۆژانی هەینی هەمو رۆژێک لە کۆمپانیای کوڕی بەرپرسەکە ئارەقەی نەهامەتی دەڕێژێت.

**ئۆتیزم**

بزێوی ئەو منداڵە شەش ساڵیە سەرنشینانی ناو پاسەکەی بێزار کردبو ، هەوڵ و ماندوبونی دایکی بێسود بو بەوەی مناڵەکە بە ژێری دانیشێت. بەسیما و جولە خێراکانیەوە بۆت دەردەکەوێ نەخۆشی ئۆتیزم زۆری بۆ هێناوە.

دایکەکە بەدەست منداڵە نەخۆشەکەی ماندو و شەکەتە نیشتیمانیش بە دەست بەرپرسە نەخۆشەکان.



# داستانی پرۆفیسۆر نارسیسا ڤان ڤانیتی

ن: د.کامەران محەمەد



جارێک لە هۆڵە پیرۆزەکانی زانکۆیەکدا، پرۆفیسۆرێک هەبوو، لەخۆبایبوونەکەی ڕکابەری هەورە شینەکانی ئاسمانی دەکرد! ئەویش پرۆفیسۆر نارسیسا ڤان ڤانیتی بوو، وەک هاوکارەکانی بە سۆزەوە پێیان دەگوت، لەدواکەوتندا بۆ چوونە هۆڵی وانەوتنەوە بەهەرمەندێکی بێوێنەیە! هەموو وانەیەک (پەردەیەکی شانۆکە)، بەدیمەنێکی سەرنجڕاکێش دەستی پێدەکرد، ئەویش تێپەڕبوونی بیست خولەک بوو، بەسەر کاتی دەستپێکردنی دیاریکراودا، چونکە خانمی پرۆفیسۆر هێشتا نەگەیشتبوو! بە بێباکییەکی شاهانەوە، بە پەلە دەچووە ژوورەوە، بەشێوەیەک بەڕێدا دەڕۆشت وەک گۆرانیبێژێکی بەسەلیقە کەدەیویست بە هەنگاوەکانی سەرنجی بینەرەکانی ڕابکێشێت! واتا وەک ئەوەی ڕاهێنانی بۆ کردبێت، تەواو بە پێچەوانەوەی ئەوەی کە بەرگەی هیچ سەرنج و وشەیەکی زانستی فێرخوازەکانی نەدەگرت، واتە بەرگە گرتنی خۆنمایشکردن و وانە وتنەوەکەی تەواو پێچەوانە بوون !
بە شێوەیەکی ئاسایی قەڵەمێکی دەخستە ناو لاپەڕەی مەلزەمە کۆنەکەی، وەک ئەوەی بابەتێکی گرنگی وروژاندبێت و پێویستی بە ڕاڤەکردنێکی ورد هەبێت، بەڵام ئەمە جگە لە بێدەنگییەکی نائاسایی (سیناریۆیەکی بەتاڵ) هیچی دیکەی نەبوو! بەڵام خوێندکارەکانی بە تێکەڵەیەک لە (سەرسامبوون) و (بزەکردنەوە) نگاکانیان دەگۆڕییەوە، پێش دەستپێکردنی وانەکە پرۆفیسۆر ڤان ڤانیتی لەبەردەمیاندا دەکرایەوە، بە بەخشندەییەوە پشوویەکی پێنج خولەکی پێشکەش دەکردن، پێدەچێت ئەوەش بۆ بیرکەوتنەوەی گەنجینەی حیکمەتەکانی خۆی بووبێت، کە لەوانەکانی ڕابردوودا پێی بەخشیبوون! دواتر خۆی وەک خانمە پێشکەشکارێکی سەر شاشەی کەناڵێکی ئاسمانیی بەشی دە خولەکێکی لە حیکمەتنامە (مەلزەمە)کەی لەبەرکردبوو و دەیووتەوە !
بەڵام لەدوای دە خولەکەکە کز دەبوو و زانیارییەکانی تێکەڵ دەکرد! بۆیە خێرا وەک قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی بە ڕیز فێرخوازەکانی هەڵدەستاند، تا مروارییەکانی ناو گەنجینە پڕ حیکمەتەکەی خۆی ( واتە مەلزەمەکەی) بۆ بژمێرن و باسی بکەن! ئەویش بەتاسەوە گوێی بۆ دەگرتن و ئافەرینی پێشکەش دەکردن !
ڕۆژێکیان، (ڕۆحێکی ئازا ) بوێری ئەوەی هەبوو، کە شێوازی فێرکردنی نائاسایی پرۆفیسۆرەکە بخاتە ژێر پرسیارەوە، خوێندکارێک بە ناشرینی! پێشنیاری ئەوەی کرد، کە قاوەکەت بەسەر مەلزەمەکەدا بڕژێنرێت باشترە، وەک دانانی ئەو قەڵەمەی کە لەشوێنی خۆیدا نیە! ( چونکە هەندێجار دەچوو قاوەیەکی دەهێنا و لەکاتی وانە وتنەوەکەدا دەیخواردەوە و بە هێمای ڕۆشنبیربوون و پێشکەوتنی دادەنا!) هەناسەیەکی قوڵی بەکۆمەڵ و پێکەنێکی شاراوە بە ژوورەکەدا گوزەری کرد، ئەوەش تەنها ساتێکی یاخیبوون بوو، چرپەیەک بوو دژ بە ستەمی بەفیرۆدانی کات و دواکەوتن.
پرۆفیسۆرەکە بە ئاسوودەیی لەسەر مێزەکەی دانیشتبوو، بەدەم سەرنجدانەوە دەستی بە زنجیرە وتارە دڵخوازەکەی خۆی کرد، کەتێیدا پسپۆڕبوو: "تۆماری جوانکارییەکانی پرۆفیسۆر نارسیسا ڤانیتی". ئەو بە چیرۆکەکانی (شێوازی ژیانی گرانبەها و شاهانەکەی خۆی) فێرخوازە دیلەکانی سەرسام دەکرد، چیرۆکی ئەو براندانەی بۆ دەگێڕانەوە، کە دولابەکەی دەڕازاندەوە، ئەو سالۆنانەی کە نازیان پێدەدا و ئەو شوێنە تایبەتانەی کە سەردانی دەکردن و تێیدا نمایشی بێهاوتایی خۆی دەکرد.
لە ڕۆمانەکەی ژیانی ئەودا، هەموو تاڵێکی (بوون)ی ئەو بەشێک بوو لە تۆڕی چنراوی گەورەیی ئەو شکۆمەندییەی کە بێهاوتا بوو.
دوو خوێندکار کە لە خودی خۆیاندا یاخی بوون، بوێری ئەوەیان هەبوو سەرپێچی لە (پێوەرەکانی جوانکاریی) بکەن. ئەوان نەکەوتبوونە ژێر هێزی کێشکردنی ماکیاژەوە، هیچ سەرسامییەکیان بۆ (ڕەنگاوڕەنگی ڕوخسار و قژ) و (جوانکارییە جەستەییەکان)ی دیکەی پرۆفیسۆرەکەیان نەبوو، بۆیە هەمیشە ئەو دووانە وەک سیمبولێکی ئازاربەش لە دڵی جەنابی پرۆفیسۆرەکەیاندا دەردەکوتن، وەک ئەوەی منداڵ بن و هێشتا بە جوانییەکانی ئارایشتکردن ئاشنا نەبووبێتن !
بەم شێوەیە، داستانی پرۆفیسۆر نارسیسا ڤان ڤانیتی ئاشکرابوو، لەیەک کاتدا چیرۆکێکی (تراژیدی) و (کۆمیدی) بوو، دەربارەی ڕوودانی شتگەلێکی نامۆ و ناشایستە لەنێو هۆڵە پیرۆزەکانی ناوەندە ئەکادیمییەکاندا!

## ڕۆژی جیهانی کتێب - The World -book day

ساڵانە لە زۆرێک لە وڵاتانی دونیاو بە تایبەت لە بەریتانیا ڕۆژێک تەرخانکراوە لەمانگی مارسدا بەناوی ڕۆژی جیهانی کتێب کە 1ی مارسە، ئەویش ڕێکخراوی یۆنسکۆی جیهانی ڕێکیخستووە بۆ زیاتر لە 100 وڵاتی دنیا، ئەم ڕۆژە ڕۆژێکی خێرخوازییەو لەهەمانکاتیشدا ڕۆژی کۆپی ڕایتیشە، واتە مافی لەبەرگرتنەوەی گشت کارە ئەدەبی و هونەرییەکان.
لەم ڕۆژەدا بۆنەیەکی پیرۆزو یادێکی بەرزە بۆ سەرجەم نووسەران و وێنەکێشەکان بەگشتی، چونکە بە پێنوس و فڵچەی ئەمان ئەم چیرۆکانە دەگەنە بەر دیدەی خوێنەرو دەکرێنە کتێب. ڕێکخراوی یۆنسکۆ وەک هاوکارێک یان پاڵنەرێک بۆ هاندانی خوێندنەوەی زیاتری منداڵ و گەورەکانیش تاکو زیاتر بخوێننەوەو کتێب بکڕن، واتە ئامانج لەم ڕۆژەدا دەوڵەمەندکردنی بازرگانە کتێب فرۆشەکان و ڕۆشنبیرکردنی منداڵ چاوگەشەکان و ڕێزگرتنی نوسەرو وێنەکێشەکانن. هەر بۆ ئاسانکردنی کتێب کڕین و نرخەکەی گەر منداڵە هەژارەکان نەتوانن بیکڕن هەستاون بە دروستکردنی پسوڵەیەکی تایبەتی (تۆکن) دەدرێت بە گشت خوێندکارەکان لە سەرجەم خوێندنگەکاندا تاکو لەکاتی کڕینی هەر کتێبێک داشکاندن بدرێتە ئەو منداڵانەی (تۆکن)ەکەیان پێیە.
بۆ زیاتر خوێندنەوەی کتێب ئەم ڕۆژەیان داناوە وەک سیستەمی پەروەردەی خوێندنی بەریتانیا، لەم ڕۆژەدا داوا لە گشت خوێندکاران دەکرێت کە پۆشاکی یەکێ لە کارەکتەرەکان یاخود پاڵەوانەکانی ناو کتێبێک یان چیرۆکێک بپۆشن و لە خوێندنگەشدا کەمێ لە چیرۆکەکەیان بۆ بگێڕێتەوە تاکو هەمووان ئاشنابن بەچیرۆکێکی ترو گەر هەمان چیرۆکی هاوڕێکەیی بەدڵ بوو ئەوا کتێب کڕین بەردەوام دەبێت!، بەڕاستی بیرۆکەیەکی زۆر ژیرانەیە کورد وتەنی: بە بەردێک دوو نیشان دەشکێنێ، بەڵام بەڕای من لە دوونیشان زیاتر دەپێکێ، هەم لەڕووی ماددی و هەمیش لەڕووی مەعنەویشەوە.
بەئومێدم ئەم هەڵمەتەی یۆنسکۆش بگاتە کوردستان.
پیرۆزبێت ئەم ڕۆژە پیرۆزە لەگشت ڕۆشنبیران و وێنەکێشان.

PUKmedia کوردستانی نوێ
ئەمەلی سەعید کوردە _لەندەن



# ک.ن.ک پرۆژەیەکی گشتگیر بۆ کۆگوتاری نەتەوەیی




سەرکەوتی جیهاز

لە مێژووە تا ئێستا ئەگەر کورد یەکێک بوبێت لەو نەتەوانەی زۆرترین خوێن و قوربانی دابێت ، ئەوا لە ئێستادا پێویستی بە پرۆژەیەکە بۆ بەهێزکردنی یەکێتی ناوەکی و چەتری کۆکردنەوەی هەموو هێز و توانا گروپییەکان و ئاراستەکردنی بۆ ئامانجێکی دیارکراوی گشتگیری هەمەلایەنە ، کورد لە قوڵایی مێژووەوە ئەگەر فرسەتێکی هەرێمی و جیهانی بۆ هەڵکەوتبێت ئەوا بە هۆی ناکۆکی لایەنە سیاسییەکان و دابەشبون بەسەر هێزەکانی ناوچەیی دا نەیتوانیوە ببێتە کارت و هۆیەک بۆ ئەوەی سەرەتایەک لە بونی کورد وەک قەوارەیەکی سیاسی دروست ببێت ، کورد ململانێکانی ناوخۆیی و شەڕی برا کوژی و لەسەروی هەموویانەوە خیانەت ئەو دەردە کوشندە بو کە کوردی لە کاروانی مێژوو دواخستوە ، کورد لە ئێستا ئەگەرچی فرسەتێکی مێژوویی بۆ دروست بوە ، بەڵام خۆی وەک نەتەوە لە دەرەوەی ئەو مێژووە ، لەبەرامبەر مێژوودا چی بکات بۆ ئەوەی بچێتە ناو مێژووەوە ..؟؟

کورد پێویستی بە پرۆژەیەکی گشتگیر هەیە تا بتوانێت بە دنیا بڵێت ئێمەی کورد دوای غەدرە مێژووییەکان و لەدەستدانی هەلە مێژووییەکان ، دەکرێت دراسەی خۆی بکاتەوە ، سود لەو هەڵە مێژووییانە وەربگرێت و ببکاتە پرۆژەیەک تا بتوانێت سود لەم هەڵانە وەربگرێت و نەهێڵێت هەمان مێژووی شکست دوبارە ببێتەوە ، با لە خۆمان بپرسین ئایا ( ک.ن.ک) دەتوانێ ئەو پرۆژەیە بێت لە ئاست پێویستی ئێستا و مێژویدا..؟؟

(ک.ن.ک) لە ئێستا وەک چوارچێوە توانیویەتی بە کۆمەڵێک پێشنیاری نەتەوەیی و نیشتمانیەوە وەک سەرەتا و چوارچێوە هیوایەک بێت بۆ دۆزی نەتەوەیەک ، دەکرێ (ک.ن.ک) کار لەسەر کۆی تەیارە سیاسییەکان بکات وخاڵی هاوبەشی هەموو هێزەکان بدۆزێتەوە و هێزەکان بخاتە ژێر بەرپرسیاریەتی مێژوییەوە ، دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت لە ئێستاشدا سەرەڕای هەڵکەوتەی نەتەوەیی بۆ کورد ، لە ناوخۆدا هەمان نەخۆشی کوشندەی یەکخۆری و تەخوینکردن و پاشکۆیەتی بە ڕونی هەیە ، دەبێت (ک.ن.ک) کار لەسەر سڕینەوەی خاڵە ڕەشەکان بکات وخاڵە سپییەکان گەورەتر بکات ، ئەرکی (ک.ن.ک)یە بتوانێت پرۆژەیەکی گشتگیری نیشتمانی و نەتەوەیی درێژمەودای هەبێت ، تا بتوانێت ببێتە چەتری کۆکردنەوەی هەمو بیروبۆچۆن و تەیارە سیاسییەکان و لەئاست بەرپرسیارییەتی مێژویدا بێت .

گرنگە (ک.ن.ک) لەم کۆنگریەدا ڕوئیای گەورەتر بکات و بەرهەمی کۆنگرەکانی دەربکەوێت و هاوڵاتی هەستی پێ بکات و بەریەککەوتنی هەبێت لەگەڵ دەرئەنجامەکانی ،گرنگە (ک.ن.ک) لە بازنەیەکی بچوکدا نەسوڕێتەوە و کۆنگرەکانی لە ستراتیژی قوڵی نەتەوەیی نەگۆڕێت بۆ بۆنەیەکی تەقلیدی ببێتە مەراسمێک وەک میوانداری و بەکتربینین ، گرنگە (ک.ن.ک)کۆنگرەیەک بۆ کۆنگرەیەکی تر گۆرانکاری چۆنییەتی بکات و ببێتە دەلایەقەیەک بۆ یەکێتی و یەکڕیزی نێو ماڵی کوردان.






# شەش بۆنەی گرنگ لە ٢١ی ئازار

٢١ی ئازار پێگەیەکی گرنگی لە لیستی ڕۆژە نێودەوڵەتی و جیهانییەکان لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەیە، بەو پێیەی ساڵانە چەندین بۆنەی گرنگ لەم ڕۆژەدا یاد دەکرێتەوە.

٢١ی ئازار، ڕۆژی دایک.

◆ بە یەکێک لە گرنگترین بۆنەکان دادەنرێت کە خەڵک لە سەرانسەری جیهان و بەتایبەتی لە ناوچەی عەرەبیدا ئاهەنگی بۆ دەگێڕن، دیاری و گوڵ و شیرینی دەدرێت بە دایکان وەک دەربڕینی خۆشەویستی و پێزانین و سوپاسگوزاری بۆ گەورەکەیان کەدایکە.

٢١ی ئازار، ڕۆژی جیهانی نەهێشتنی ڕەگەزپەرستی

◆ ئەم بەرواره وەک ڕۆژی جیهانی بۆ یادکردنەوەی کۆمەڵکوژی شارپڤیل دیاری کرا، کە تێیدا ٦٩ خۆپیشاندەری ئاشتیخواز دژی ڕژێمی ئاپارتاید لە باشووری ئەفریقا بە شێوەیەکی ترسناک کوژران.

٢١ی ئازار، ڕۆژی جیهانی نەخۆشی داون

◆ نەتەوە یەکگرتووەکان یادی ڕۆژی جیهانی نەخۆشی داون دەکاتەوە، ئەمساڵ گرنگی بە بەشداری ئەو کەسانە دەدات کە تووشی نەخۆشی داون بوون لە کۆمەڵگاکانیاندا بۆ تیشک خستنە سەر بەشدارییە بەنرخەکانیان، جا چ لە قوتابخانەکانیان، چ لە کارەکانیان، یان ژیانی گشتیان..

٢١ی ئازار، ڕۆژی جیهانی شیعر

◆ ڕۆژی جیهانی شیعر ئامانجی پاڵپشتیکردنی هەمجۆری زمانەوانی و پێدانی دەرفەتی زیاترە، وەک لە کۆنفرانسی گشتیی یونسکۆدا هاتووە کاتێک ئەم ڕۆژەی لە ساڵی ١٩٩٩ پەسەند کرد.

٢١ی ئازار، ڕۆژی جیهانی دارستان و درەخت

◆ ڕۆژی جیهانی دارستان و درەختەکان ئەمساڵ تیشک دەخاتە سەر شارەکان و چۆنیەتی بۆ بە دەستهێنانی ژیانێکی تەندروستتر و سەوزتر و گونجاوتر بۆ ژیانێکی بەختەوەر.

٢١ی ئازار، ڕۆژی نەورۆز

◆ بۆنەی نەورۆز لە ساڵی 2009 لە لیستی نمونەیی فەرهەنگی گەلاندا تۆمارکرا وەک نەریتێکی کولتووری کە زۆرێک لە گەلان ئاهەنگیان بۆ دەگێڕن، بۆنەیەکی دێرینە کە یەکەم ڕۆژی بەهار دیاری دەکات و سروشت نوێ دەکاتەوە.

سایتی زەمەن
*مەعرووف مەجید



# بەرلەوەی تۆ بناسم

ئامانج جەبار


بەرلەوەی تۆ بناسم
من هاوڕێی مۆمێکی کز و
چوار دیواری بێدەنگ و
سێبەری قەرەجەکانی
ئەو دیوو سنور و
ڕەشە بایەکی نەگریس و
دڵێکی بێ هیوا بووم ..!!

بەر لەوەی تۆ بناسم
من بەختی خۆم
لە چارەنوسی
دەروێشەکانەوە دەبینی
وەک قژیان
بەدەم بای فەنابوونەوە ئاڵۆزابوو
سەرم دەرنەدەکرد لێیان ..!!

بەر لەوەی تۆ بناسم
ڕێبوارێک بووم
لەسەر شەقامەکانی تەنهایی
بە ناکامی هەنگاوم دەنا
غافڵ لە ئامانجی هەنگاو نانم
نەشارەزا
لە ئەوەی کۆتایی ئەم شەقامە
بە کوێ دەگات ...
غەمگینی دڵ لە ڕووی دابووم
فاڵگرەوەکان
بەهیواوە پەلاماری دەستیان دەدام
تا هیوایەکم پێ ببەخشن
بەڵام بێ هیوا دەبوون
فنجانەی قاوە ڕژاوەکەشم
بەبێ تۆ
هیچ وێنایەکی تێدا نەدە بینرا ..!!

بەرلەوەی تۆ بناسم
من لەگەڵ گزنگی دەمەو بەیاندا
بە دەنگی کەڵەشێرەکان
بەخەبەر دەهاتم
دووبارە بانگی خەمی تەنیایی
بەگوێمدا دەدرا
پەڵە هەوری ڕەشی نەگریس
بارانی بەخوڕی بەسەرمدا دەباراند و
ناڕەحەتی ..
وەک شنەی شەماڵ بەلامدا دەهات و
گیری دەکردم
لەخەم و ناخۆشی و تاڵی ..!!

بەرلەوەی تۆ بناسم
چرۆیی خونچە گوڵی بەختم
پێش کرانەوە پوکانەوە
هیوایەکیان
لە ژیانی بێ سەر و بەری مندا
بەدی نەکرد ..!!
بەرلەوەی تۆ بناسم
لە ڕۆژگاریش تاریکی شەو
بەری خۆری سپێدەی دەگرت
پێڵوی چاوم ..
وەکو پەردەیی نەهامەتی
ڕێی لە ڕۆشنایی خۆشبەختیم دەگرت .!!
بەرلەوەی تۆ بناسم
وەک هەموو جارێک ناڵەم تێکەڵی
ناڵەی بێبسوە تەنیاکانی
سەر دارتەلەکان دەکرد
شەو دادەهات و ئەوان دەچونەوە لانە و
من دەچومەوە ژێر باڵی تەنیایی
پایزانێک بەدەم وەرینی گەڵاکانەوە
ڕۆژەکانی خۆمم دەبینی
دەکەوتە ژێر پێی ڕێبواران
تا تۆم ناسی ..
خۆشم بومە ڕێبواری ڕێگەی
جوانیت ..!!!
کە تۆم ناسی
دەرگایی خۆشبەختیم من کرایەوە
ئاسودەیی
ڕووی بەلامدا سوڕاند
حەزم بە پیاسەی ژێر باران و
کێشانی تابلۆیەک دەکرد
چاوەکانی تۆی تێدا دەربکەوێ .
بەبێ تۆ
من چوار چێوەیەکی بەتاڵ بووم
کە تۆ هاتی
لێوان لێو بووم لە تۆ و
تەنهایمت پڕ کردەوە ..!



# لەکەناری دڵی تۆدا شەپۆل ئەدەم

من لەکەنار نزیکترم
بۆ ڕووباری خۆشەویستیت
کەچی حەسرەتی تینوویەتی
وا خەریکە دەمخنکێنێ،
زۆرلەپێڵو نزیکترم
بۆگلێنەی چاوەکانت
بەڵام هەمیشە تامەزرۆی
سیمای گەشی ئەو ڕووناکیەم
کەچاوانی تۆدەیبینن چەندە سەختە
بڕینی ڕێگەی تارمایی
بەنێو خەون وعیشقی سپیی
چەندین ساڵەی ونی تۆدا
هەرماندوو نابم و
بەڕێوەم
لەقرچەی نیوەڕۆیەکی ژوانی تۆدا
شەوەزەنگ لەئامێزدەگرم،
لەشەوانی تەنیاییمدا
تۆ خۆتم لێدەئاڵێنی
لەمە سزای چ قەدەرێکی نامۆیە و
چ ئازارێکی سەپاوە،
بیرتە ڕۆژگارێک پێتگوتم:
دڵی خۆمت
بەئەمانەت لاجێدێڵم
ونی نەکەیت؟
لەو ڕۆژەوە
لەڕۆحمدا پاراستوومەو
هەرگیز پێتی ناداتەوە؟!
ئەگەرهاتی
لەبری دڵی ونی خۆت
دڵی خۆمت پێدەبەخشم
دڵ هەر دڵە
ئەویان بۆمن جێبهێڵە و
ئەمیان ببە!
***




هاژە بەرزنجی
4/4/2024
سلێمانی

## ساویلکە

### ستار ئەحمەد



ئیتر شتێك نەما بۆ عەشق
داستانێك نانووسرێتەوە
ئەفسانەیەك رووناداا
لەمەودوا بەرد دەزێ
لوتکە گوڵزار هەڵدەواسێ
ئەو رۆژانە چوون
قوربانیی میوانت بوو
هەناسە پەرچەمتی دەسرەوان
ماچ لێوانتی ختووکە دەدا
قەڵەم فرمێسکی بۆت هەڵدەڕشت
پەڕە زامەکانتی دەپێچایەوە
تۆ کەسێکی زمانت پارەو
چاوەکانت بۆ فریو خوارە
دەمت کوانووی درۆیە
پەرچەمت ئاگری خیانەت
لەئەمەك بێز دەکەیتەوە
بەڕاستی دەخنکێی
لەئاستی عەشق کوێری
بەتاوان فێری
لەخۆشی خۆت بەولاوە
خۆشەویستی هەر ناناسی
وەکوو ژەهراو
ڕاستی بەهەڵچوون دەتکوڵێنێ
لەکوێ درکێك ببینی
وەك بایەقووش بۆی دەخوێنی
کاڵفافی دەروونت دەکا بەزیندان
کەللە ڕەقی لەدارت دەدا
چیت بۆ بکەی
هەر چاوی لێدەنووقێنی
تاوان بەتاوان دەگرێنی
ساویلکەیی
بازاڕی حەزت گەرم دەکا
بۆ نەزان سەر دادەنوێنی
لەکاسەی سەری خۆتا
خوێناوی پاکی دەنۆشی
نەئێستاکە دەتوانی بسرەوی
نەخەونی شادی دوا ڕۆژی





# بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان

## پەیمان عبدولقادر

## ئامادەکردنی بەختیار سەعید

-١٩٦٥ لە سولە یمانی لە دایکبووە.

-١٩٨٣ ئامادەیی بازرگانیم تەواو کردووە.

-١٩٨٧ 2010- بەشداری چەندین پیشانگەی کردووە لەناو کوردستان و دەرەوەدا لەوانە -1987 پێشانگای ڕۆژی هونەر لە گەلەری سلێمانی.

-١٩٨٩ هاوبەشی پێشانگای هونەرمەندانی سولەیمانی لە هۆڵی گۆیژە.

-١٩٩٣ پیشانگای پۆستە ر تایبە ت بە ڕە وە کە هۆڵی گۆیژە.

-١٩٩٣ هاوبەشی پیشانگای تایبەت بە ڕۆژی ژنان لە هۆڵی میدیا هە ولێر.

-١٩٩٥ هاوبە شی پیشانگای هونە رمە ندانی ماسلاوس لە ە De groene stip / هۆڵندا.

-١٩٩٦ هونە رمە ندانی ماسلاوس لە De Groene Stip ماسلاوس.

-١٩٩٧ پیشانگای هاوبە ش لە گە ڵ هونە رمە ند عومەر ڕەسوڵ لە گە لە ری Art Leathering شاری ماسلاوس /هۆڵە ندا.

-١٩٩٨ پیشانگای هابە ش لە گە ڵ هونە رمە ند عومەر ڕەسوڵ لە هۆڵی Monsieur Paulشاری ماسلاوس

-١٩٩٨ پێشانگای هاوبە شی هونە رمە ندان بە ناویAtelierroute لە شاری ماسلاوس / هۆڵە ندا.

-١٩٩٩هاوبە شی پێشانگای هونە رمە ندان بە ناوی Kunstestafette لە شاری ماسلاوس / هۆڵە ندا، ٦٣ هونە رمە ند هاوبە شی کردبوو، ٣ هونە رمە ندی کوردی تیادا بوو ،،هونە رمە ندان/ خالید ڕە سوڵ ، عومەر ڕەسوڵ.

-٢٠٠٠ پێشانگای هاوبە شی هونە رمە ندان لە مۆزە خانە ی ماسلاوس هۆڵە ندا.

-٢٠٠١ دووەم پیشانگای تایبەت لە ڕۆتردام SP-Cultuur لە هۆڵەندا.

-٢٠٠٢هونە رمە ندانی ماسلاوس لە مۆزە خانە ی ماسلاوس بە ناوی.Perspectief

-٢٠٠٣ پیشانگای هاوبەش kunst-en atelierroute لە شاری ماسلاوس هۆڵەندا.


-٢٠٠٤پیشانگای هاوبە ش لە هۆڵی De Groene Luiken لە فلاردنین هۆڵەندا.

-٢٠٠٥پیشانگای هاوبەشSalonkunst Kado لە ماسلاوس هۆڵەند.ا


-٢٠٠٦) ١٥( هە مین بینالّی تۆکیۆ- یابان.

-٢٠١٠ بەشداری پێشانگای هونەرمەندانی پەنابەر لە هۆڵی Stadswinkel لە Schidamلە هۆڵەندا.

-٢٠١٠ پیشانگای هاوبەش لە گەڵ هونەرمەند عومەر ڕ ەسوڵ لە هۆڵی مۆزەخانەی سولەیمانی.




70x50cm-acrylic on convas- 1998



70x50cm-acrylic on convas- 1999



40x26cm-acrylic on convas- 1997



21x17 cm-acrylic on convas- 1996



70x50cm-acrylic on convas- 1999



50x70cm-acrylic on convas- 1999



70x50cm-acrylic on convas- 1998



50x35cm-acrylic on convas- 2000



80x60cm-acrylic on convas- 2000

# ڕۆژی جیهانیی کتێب.. یادێک بۆ ڕێزلێنان له داهێنان و سامانی کەلتووری

سایتی ئێستە
ن: زاموا محمد

ڕۆژی 23ی نیسانی هەموو ساڵێک، لە سەرتاپای جیهاندا بە ڕۆژی جیهانیی کتێب دانراوە و تێیدا یادی کتێب دەکرێتەوە، وەک ئەو بەرهەمەی مرۆڤایەتی، کە ئێستا و ڕابردووی پێکەوە بەستووەتەوە و بەهێزترین پردیشە لە نێوان کەلتوور و کۆمەڵگا جیاجیاکاندا.

ئەم ڕۆژە بەر ڕێکەوتی مردنی چەندین نووسەری گەورەی مێژووی ئەدەبیش دەکەوێت، وەک ویلیەم شێکسپیر و میگوێل دی سێرڤانتس، ئەمەش ڕەونەق و بەهایەکی زیاتر بەم یادە دەدات.

ڕێکخراوی یونسکۆ ئەم ڕۆژەی تایبەتکردووە بە بەرزڕاگرتنی پێگەی نووسەران و کتێبەکانیان، هەروەها هاندانی خەڵک و بەتایبەت گەنجان بۆ خوێندنەوە، تاکو سوودمەند بن لەو بیرۆکە و داهێنانانەی نووسەران بە مرۆڤایەتییان بەخشیون.

پەنجەرەیەک بۆ فرەیی و هەمەڕەنگی

پاش تێپەڕینی 16 ساڵ بەسەر ڕاگەیاندنی ئەم ڕۆژەدا لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆوە، لەمڕۆدا ملیۆنان خەڵکی زیاتر لە سەد وڵات یادیدەکەنەوە و لە چێوەی دامەزراوە و ڕێکخراو و کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا ئاهەنگ و بۆنەی بۆ ڕێکدەخەن.

ئەم ڕۆژە، هەلی ڕەخساندووە کۆمەڵان و دامەزراوە و ڕێکخراوەکان ڕێزلێنان بۆ کتێب بکەن، وەک گرنگترین سامانی ڕۆشنبیریی بەجێماو لە پێشینانەوە و پێگەی نووسەرانیش بەرزڕابگرن، کە بەرهەمهێنەری ئەم سامانەن.

ئەم ڕێزلێنان و بەرزڕاگرتنەش تایبەت نییە بە کتێب و نووسەرانی یەک وڵات و سەرجەم مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، بۆیە وەک پەنجەرەیەک وەهایە بەڕووی فرەیی و هەمەڕەنگیی کەلتوور و داهێنانەکاندا.

شارەکانی داهێنان و ئەدەب

بۆ ساڵی 2022، یونسکۆ شاری گوادالاخارا-ی مەکسیکی وەک پایتەختی جیهانیی کتێب هەڵبژاردووە. ئەم شارە لە ساڵی 2017وە وەک شاری داهێنان لەلایەن یونسکۆوە هەڵبژێردراوە، بەمەش چووەتە ڕیزی چەندین شاری دیکەوە کە ڕێکخراوەکە ئەم نازناوەی پێبەخشیون و خستوونیەتیە ئەو تۆڕەوە، تاکو داهێنەران و داهێنانەکانیان لە سەرانسەری جیهاندا لە پەیوەندییدا بمێننەوە.

لەناو ئەو کۆمەڵە شارەدا کە یونسکۆ وەک شاری داهێنان هەڵیبژاردوون، شاری سلێمانی هەیە و لە ساڵی 2019وە ئەم نازناوەی پێدراوە. بۆیە لەمڕۆدا، هەر لە خانی و نالییەوە تا ئەدیبەکانی ئەمڕۆمان، بەتایبەتی ئەوانەی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانە جیهانییەکان و ئەدەبی کوردییان بە دونیا ناساندووە، بەشدارن لەم بۆنەیەدا و لە ڕیزی ئەو دەق و کەسایەتیانەدان کە ڕۆژەکە لەپێناویاندایە.

بە بۆ بۆنەی ئەم ڕۆژەوە، لە خوارەوە چەند زانیارییەکی سەرنجڕاکێش لەبارەی چەند کتێبێکی گرنگەوە باسکراون.

گلگامش.. یەکەم کتێب لە مێژوودا نووسرابێت

مێژووناسان کۆکن، یەکەمین دەقی ئەدەبی لە مێژوودا نووسرابێت، داستانی "گلگامش"ە.

داستانەکە بەسەرهاتی شاری شووراداری ئوروک و گلگامش-ی فەرمانڕەوای دەگێڕێتەوە، کە دەبێتە هاوڕێی گیانیبەگیانیی "ئەنکیدۆ". داستانەکە بەسەرهاتێکە لەبارەی هاوڕێیەتی و گەڕانەوە بەشوێن نەمرییدا.





لە ساڵی 1853دا ئەو لەوحانە دۆزرانەوە کە ئەم داستانەیان لەسەر تۆمارکراوە و شوێنەوارناسان پێیانوایە 2000 ساڵ بەر لە زایین تۆمارکرابێت، واتە 1500 ساڵ کۆنتر لە ئیلیادە و ئۆدیسەی هۆمیرۆس.




سەرکێشییەکانی پینۆکیۆ.. کتێبێک کە زۆرترین جار وەرگێڕدراوە

کتێبی "سەرکێشییەکانی پینۆکیۆ" کە پاڵەوانەکەی کەسایەتییەکی خەیاڵییە بە هەمان ناوەوە، ساڵی 1883 لەلایەن کارلۆ کۆلۆدییەوە نووسراوە و وەرگێڕدراوەتە سەر 260 زمان.




**کۆدێکس لێسیستەر.. گرانترین کتێب لە جیهاندا**

بەرهەمی لیۆناردۆ داڤینشییە و بریتییە لە دەستنووسێکی زانستیی گەورە، تێیدا پێشبینیی دروستکردنی ژێرئاوگەڕ(غەواسە) و بزوێنەری هەڵمی کراوە. ساڵی 1994 بیل گەیتس ئەم دەستنووسەی بە 30.8 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی کڕیوەتەوە.



**گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو.. دووردرێژترین کتێب**

ڕۆمانێکی مارسێل پرۆست نووسەری بەناوبانگی فەرەنسییە و لە 13 بەرگ پێکهاتووە، هەموو ڕۆمانەکە بەسەر یەکەوە 1267069 وشەیە.



**دۆن کیشۆت.. پرفرۆشترین کتێب لە مێژوودا**

ڕۆمانی "دۆن کیشۆت"ی میگوێل دی سێرڤانتس نووسەری ئیسپانی، زیاتر لە 500 ملیۆن دانەی لێفرۆشراوە، لەوساوە کە لە ساڵی 1605دا بڵاوکراوەتەوە.





# 23 نیسان ڕۆژی جیهانی کتێب و مافەکانی نووسەر

لەساڵی ١٩٩٥ ڕێکخراوی یۆنسکۆ ڕۆژی ٢٣ ئەپریل - نیسانی هەموو ساڵێک دیاری کرد وەکو ڕۆژی جیهانی کتێب ومافەکانی نووسەر ئەمەشیان وەکو ڕێزلێنانێکی ئەدەبی بۆ چەند نووسەرێکی جیهانی کە لەو ڕۆژەدا مردوون لەوانە :

- ولیام شکسپیر
- گارسیلاسو دی لافیگا
- میگل دی سیربانتس

..هەموو ساڵێک لەو بەرواره پایتەختی وولاتێک دیاری دەکرێت وەک پایتەختی جیهانی بۆ کتێب بۆ ماوەی یەک ساڵ ولەو ساڵەدا چەندین چالاکی ئەنجام دەدات بەپێ بەرنامەیەک بۆی دیاری کراوە وبۆ ساڵی ٢٠١٩ شاریقە پایتەختی ووڵاتی ئیمارات دیاری کرابوو بۆ ئەو مەبەستە وبەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا چەند ڕۆژێک لەماوەر بەشێوەیەکی ڕەمزی شاریقە مەشخەڵەکەی ڕادەستی کوالالامپور پایتەختی مالیزیای کرد کە پێشتر دیاری کرابوو وەکو پایتەختی جیهانی کتێب بۆ ساڵی٢٠٢٠ لەبەر ئەوەی ئەو ووڵاتە بایەخێکی زۆر دەدات بە سیستەمی خوێندن وفێربوون وبڵاوکردنەوەی زانست وزانیاری بەپێ بەرنامەیەکی تایبەت بە پەرەپێدان بەکلتوری خوێندنەوە و بەرەوپێشبردنی پیشەسازی کتێبی نووسراو.

**گوڵان میدیا**



# مێژووی جولەکەو جولەکەکانی شاری سلێمانی







پێش ئەوەی باسی سەرهەڵدانی جولەکە بکەین لە عێراق و کوردستان بەتایبەت شاری سلێمانی

سەرنجتان ڕادەکێشم بۆ ئەم ئاماره وردەی گەڕیدەی ئینگلیز میستەر ڕیچ

یەکێک لەو سەرچاوانەی باسی جولەکەکانی سلێمانی کردبێت. گەشت نامەکەی (کلۆدیس جەیمس ڕیچ، ساڵی ١٨٢٠) کە لەبارەی شاری سلێمانی دەڵێت ژمارەی دانیشتووانی (10000) دە هەزار کەسێکەو 2144خانووشی تێدایە کە 130 یان هی جولەکەن. ئەگەر تێکڕایی ژمارەی دانیشتووانی هەر خانوویەک وەربگرین ئەوا هەر یەکەیان کەمو زۆر پێنج کەسی بەرئەکەوێ. بەو پێیە کۆی ژمارەی جوولەکەکان لەوساڵەدا دەوری 750 کەس بووە.

کەلەگەڵ ئەم ژمارەیەشدا کۆمەڵێك خانەوادەی کلدانی و ئاشوری مەسیحی نیشتەجێ شاری سلێمانی بوون کەژمارەی ئەوان بەنادیاری لەسەردەمەدا ماوەتەوە

جولەکەکانی شاری سلێمانی خاوەنی گەڕەکی نیشتەجێ خۆیان بوون کەناوی نراوە (گەڕەکی جولەکان ) تەنیشت گەڕەکی سەرشەقام بووە کەواتە مێژووی جولەکەکان زۆر پێشتر لەساڵە (1820) بونیان هەبووە چونکە مستەر ڕیچ بەچاوی خۆی بینێوتی تۆماری ژمارەکەشی کردووە کەلەسەدا 8% دانیشتووانی شاری سلێمانی بوون خاوەنی خانوو ماڵ و حاڵی خۆیان بوون

سەبارەت بەشوێنی هەڵبژاردەی ئەو گەڕەکە بەپێی گێڕانەوەکان موسلمانە توند ڕەوەکان عەزێتیان داون ئەمانیش سکاڵایان بردووە بۆ لای کاك ئەحمەدی شێخ و ئەویش وتویەتی بڕۆن لە خواروی شار نیشتەجێ بن من پارێزگاریتان لێ دەکەم و دارو پێداویستی خانوو دروست کردنی داونەتێ

جولەکە چۆن کەوتە ئەم ناوچە کورد نشینەی ئێمە و عێراق !!

من زۆر گەڕان و کنەو پشکنینم کرد سەرئەنجام هەموو مێژوونوسانی ناوچەی میسۆپۆتامیای ئێمە و بلاد مابین النهرین کەعەرەب ناوی دەبات هەموو کۆکن لەسەر ئەم وێستگە مێژووییە !!!

لەساڵی (586) پێش زاین لەکاتی هێرش کردنی (نبو خذ نصر ) بابلی بۆ سەر شارستانی و مەملەکەتی (یهویاکین ) یاخود (یهواخن ) لە ئۆرشەلیم وەسەرکەوتنی بابلیەکان لە گەڕانەوەدا بۆ ناوچەی میسۆپۆتامیای عێراق (40000) چل هەزار جولەکە بەدیل کراوی و خێزانی دەهێنن بۆ عێراق

مێژوو نوسانیش ئەو ڕاستی یە دەڵێن کەلە ناوچە شاخاوییەکانی باشوری عێراق نیشتەجێ کراون

کەبە بۆچونی منیش ئەو بڕیارە دەگەڕێتەوە بۆ هاوپەیمانی (دەوڵەتی ماد) ی کوردی بابلیەکان کاتێك هاوپەیمان دەبن لەداگیرکردنی شاری ئارامیە ی ئاشوری کەئێستا ئەو شارە ناوی موسڵە

کوردەکان و بابلیەکان هاوپەیمان بوون تەنانەت (کیخسرەو ) پاشای ماد کچەکەی بەناوی (ئومێد ) مارە دەکات لە کوڕی پاشای بابلیەکان وەباخچە هەڵواسراوەکان لەپێناوی ئەو کچە کوردە دروست دەکرێت کە کچەکە دڵتەنگ دەبێت لە گەرمی و بیابانی بابل کوڕی پاشای بابل دەڵێت دەبێت کۆشکێکت بۆ دروست بکەم لە ناوچە شاخاوییەکانی خۆتان بچێت هەست بەدڵتەنگی نەکەیت وەعەرەب لەمێژوودا ناوی ئەو کچە کەئومێدە بە (أميس ) ناو دەبات

ئەگەر وردیش بینەوە لەجولەکەکانی عێراق بەهەموو شارەکان بڵاو بونەتەوە دابەش بوون

تەنانەت بەپێی ئاماری ورد لەساڵی (1946) ڕێژەی جولەکە لەعێراق لە سەدا.2,6% دوو پۆینت شەش بووە

بۆچی گەڕانەوە بۆ ئیسرائیل بە خواستی خۆیان بوو!!!

لەساڵی ١٩٤٨ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیلی جولەکەکان گەڕانەوە کە دوا گوژمەی گەڕانەوە ساڵی ١٩٥٣ بوو

زۆر لەڕۆشنبیرە عەرەبەکان دەڵێن سیاسەتی ئینگلیز بوو لەعێراق کەئەم جولەکە دەست ڕەنگینانە گەڕانەوە کە سیاسەتیان چەوسانەوەی جولەکە بوو وەبێزار کردنیان لەعێراق وەگرتن و دەست بەسەرا گرتنی ماڵ و پارەیان تا ناچار ببن بچنەوە بۆ قودس دەوڵەتێکی بەهێز ی جولەکە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بێت


لەسلێمانیش جولەکەکان لەساڵی ١٩٤٨ پەیوەندیان بە فڕۆکەخانەی بەغداوە کرد بە چەند گوژمەیەك ڕۆشتنەوە

کە جولەکانی سلێمانی جێگای دەست ڕەنگینیان بەشاری سلێمانی دیارە وە زۆر لەپیشەکان لەسەر دەستی ئەوان دامەزراوە لەم شارە وە کەسانی زیرەك بوون

تەنانەت یەکێك لەگێڕانەوەکان لەسەر زیرەکی جولەکەکانی سلێمانی دەڵێن

کەگەڕاونەتەوە بۆ وڵات و بنچەی خۆیان پارەی نەختینەیان کردووە بە ئاڵتوون وە زەڕەنگەرە جولەکەکان ئاڵتونەکەیان کردووە بە قۆری و کتری چا لێنان وەڕەشیان کردووە لەفڕۆکەخانەی بەغداد بەم شێوەیە پارەکەیان لەگەڵ خۆیان بردووە ، وەیەکێك لەگێڕانەوەکانی تر لەزاری باپیرانمان دەڵێن جولەکە هێندە بەپەلە گەڕانەوە بۆ ئیسرائیل فریای وەرگرتنەوەی قەرز و فرۆشتنی موڵك و ماڵ و دوکان نەکەوتن زۆربەی شتەکانیان بە جێ هێشت

نووسین. و بەدوادا چوون ; ئامانج مەسرەف



# رۆژنامەی کوردستان لە نێوان ٢١/ ٢٢ نیساندا!

## ئامادەکردنی:ئەحمەد قادر عەلی




هەرچەندە هەموو نوسین و لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن رۆژنامەی کوردستان لە 22ی نیسانی 1898 دەرچووە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەرواری رۆمی لەسەر لاپەرەی یەکەمی رۆژنامەکە کە (٩ نیسانی ١٣١٤) نوسراوە کاتێک دەیگۆڕین بۆ ساڵنامەی زاینی و کۆچی رۆژی پێنج شەممە دەکات، ئەمەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەو رۆژەی کە لە بەردەم هەردوو بەرواری کۆچی و رۆمی سەر رۆژنامەکە نوسراوە. هەر لەو بەروار گۆڕینەدا ٢١ نیسانی ١٨٩٨ دەردەچێت نەک 22ی نیسانی 1898.

سەرەتا

رۆژنامەی کوردستان وەک یەکەمین رۆژنامەی کوردی مایەی شانازی کورد بە گشتی و رۆژنامەنووسان و نوسەر و رۆشنبیرانە.

وەک لە سەرچاوەکاندا باسکراوە یەکەم ژمارەی رۆژنامەی کوردستان لە ٢٢ نیسانی ١٨٩٨ زاینی، ٩ نیسانی ١٣١٤ رۆمی، ٣٠ ژوالقعدەی ١٣١٥ کۆچی لەلایەن مقداد مەدحەت بەدرخانەوە دەرچووە. کۆتا ژمارەیشی لە ١٤ نیسانی ١٩٠٢ زاینی، ١ نیسانی ١٣١٨ رۆمی، ٦ محرم ١٣٢٠ کۆچی دەرچووە.

ژمارە (١-٥) لە قاهیرە، (٦-١٩) لە جنێف، (٢٠-٢٣) دووبارە لە قاهیرە، (٢٤) لە لەندەن، باس لەوە دەکرێت کە ژمارە ٢٥ دووجار دەرچووە، یەکەمیان لە شاری لەندەن و دووەمیشیان لە شاری فۆلکستۆن هەر لە بەریتانیا، (٢٥-٢٩) لە فۆلکستۆن و (٣٠-٣١) جارێکی تر لە جنێف دەرکراوە.

وەبیرهێنانەوەیەک

لێکۆڵینەوەی زۆر کراوە و وتاری زۆر نوسراوە دەربارەی رۆژنامەی کوردستان و رۆڵ و پێگەی بنەماڵەی بەدرخانییەکان.

تەواوی ئەو لێکۆڵینەوە و نووسینانەی خوێندوومەتەوە جگە لە دوانیان هەموویان ئاماژەیان بەوە کردووە کە رۆژنامەی کوردستان لە ٢٢ نیسانی ١٨٩٨ لەلایەن میقداد مەدحەت بەدرخانەوە دەرکراوە. لە هیچ یەکێک لەو لێکۆڵینەوە و نووسینانەدا بە بەڵگەی گومانبڕ نەسەلمێنراوە کە رۆژنامەی کوردستان لە ٢٢ نیسانی ١٨٩٨ دەرکراوە.

بەگوێرەی سەرچاوەکانی بەردەست، د. مارف خەزنەدار یەکەم کوردە، رۆژی دەرچوونی ژمارە یەکی رۆژنامەی "کوردستان"ی بە ٢٢ی نیسان داناوە. ئەوەشی بە گوتارێک لە رۆژنامەی (برایی - التآخی) لە ژمارەی ٢٢ی نیسانی ١٩٦٨ بڵاوکردوە. لە هەمان ساڵ د. کەمال فواد لە کتێبخانەی ماربوورگ لە ئەڵمانیا زۆربەی ژمارەکانی رۆژنامەی "کوردستان"ی دۆزیوەتەوە و بە گوتارێک لە ژمارە یەکی گۆڤاری "رووناکی" ، کە لە ٢٣ی مایسی ١٩٦٩ دەرچوو، ئەم دۆزینەوە تازە و گرنگەی بۆ خوێنەرانی کورد ئاشکرا کرد. دواتر هەر د. کەمال فواد تەواوی ژمارەکانی بەردەستی رۆژنامەی "کوردستان"ی لە کتێبێکدا بەناوی: ("کوردستان" یەکەمین رۆژنامەی کوردی) لە ساڵی ١٩٧١ لە بەغدا چاپکرد. تا ئێستا سێ جار ئەو کتێبە چاپکراوەتەوە. ئەوەی جێگەی سەرنجە لە هیچ یەکێک لەو نووسینانەی ئاماژەم پێدا، بەرواری کۆچی و رۆمی هاوتا نەکراوەتەوە بە بەرواری زاینی، تاوەکو خوێنەر دڵنیاببێتەوە لەوەی کە ئەو بەروارانەی لەسەر یەکەم ژمارەی رۆژنامەی کوردستان هەیە بەرامبەرە بە ٢٢ نیسانی ١٨٩٨. ئەو کاتەی رۆژنامەی کوردستان دەرکراوە بەپێی ساڵنامەی کۆچی و رۆمی بەروارەکان دیاریکراوە. ساڵنامەی زاینی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی و مصردا بەکارنەهێنراوە.

لە بەرامبەر ئەمەدا دوو بابەتی بڵاوکراوەم دەست کەوتووە کە ئاماژە بەوە دەدەن رۆژنامەی کوردستان لە ٢١ نیسانی ١٨٩٨ دەرچووە. یەکەمیان وتارێکی مامۆستا فەرهاد شاکەلی-یە لە ژمارە (٤١٣)ی رۆژنامەی ئاسۆ لە ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٧ بڵاوکراوەتەوە، تێیدا نوسەری بابەتەکە ٢١ی نیسانی بە رۆژی دەرچوونی ژمارە یەکی رۆژنامەی "کوردستان" داناوە. دووەمیان وتارێکی د. مەغدید سەپان-ە (د.سەپان) کە لە ساڵی ٢٠١٩ و یادی ١٢١ ساڵەی رۆژنامەگەری کوردیدا لە سایتی رۆژنامەوانی www.rozhnamawany.com بڵاوکراوەتەوە.

هەرچەندە هەردوو مامۆستای بەرێز لەنووسینەکانیاندا چەند بەڵگەیەکیان خستووەتە روو بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانیان، بەڵام ئەو بەڵگانەیش تەواو بابەتەکەیان یەکلایی نەکردووەتەوە و بەڵگەی گومانبڕ نین.

ئێستایش کە یادی ١٢٤ ساڵەی رۆژنامەی "کوردستان" دەکرێتەوە، ئیدی پێویستە هەڵوێستەی جددی لەسەر ئەم بەروارە بکرێت و راستکردنەوەی پێویستی بۆ بکرێت، بۆ ئەوەی لەمە زیاتر ئەو هەڵە بەسەر رۆژنامەنووسان و شارەزایانی مێژووی رۆژنامەوانی کوردیدا تێنەپەرێت.

هەرچەندە ئەو بەرواره لە کایەی رۆشنبیری و مێژووی رۆژنامەگەری کوردیدا جێگیر بووە، بەڵام پێویستە بەردەوام لێکۆڵینەوە لە سەرجەم بوارەکانی مێژوودا بکرێت و بە روونی سەرەتا و کۆتایی رووداوەکان دیاری بکرێت و بسەلمێنرێت.

رۆژنامەی کوردستان لە ٢١ نیساندا دەرچووە!

ئەوەی تێبینی دەکرێت لەسەر هەر ٣١ ژمارەکەی رۆژنامەی کوردستان بەرواری زاینی لەسەر نییە، بەڵکو تەنها بەرواری کۆچی و رۆمی نوسراوە. دیارە ئەمەش پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی و ئاینی و کلتووری و کارگێری ئەو سەردەمەوە بووە کە رۆژنامەی کوردستانی تێدا دەرچووە. لەو سەردەمەدا ساڵنامەی زاینی بەکارنەهێنراوە و تەنها کار بە ساڵنامەی رۆمی و کۆچی کراوە.

بۆ بەراوردی ئەو سێ ساڵنامەیە پێویستمان بە بەرنامەیەکی تایبەتە بۆ گۆڕینی بەروارەکان لە ساڵنامە جیاوازەکاندا. بۆ ئەو مەبەستە بەندە پشتم بە سایتی فەرمی دەزگای مێژووی تورکیا Türk Tarih Kurumu بەستووە. لە سایتی ئەو دەزگایەدا بەشێکی تایبەتی تێدایە بەناوی رێنمایی گۆڕینی بەروار Tarih Çevirme Klavuzu بۆ گۆڕینی رۆژ و بەروار و مانگ و ساڵ لە هەر سێ ساڵنامەی کۆچی، رۆمی و زاینیدا. لەو بەشەدا بەروار و مانگ و ساڵ دیاریدەکرێت و سایتەکە دەیگۆڕێت بۆ بەروار و مانگ و ساڵەکانی دیکە.

لەسەر ئەم بنەمایە پێویستە ئێمە ئەو رۆژ و بەروار و مانگ و ساڵە رۆمی و کۆچییەی لەسەر یەکەم ژمارە و کۆتا ژمارەی رۆژنامەی کوردستاندا نوسراوە دیاری بکەین و پاشان بیگۆڕین بۆ رۆژ و بەروار و ساڵی زاینی. ئەو کاتە بۆمان دەردەکەوێت کە یەکەم ژمارەی رۆژنامەی کوردستان کەی دەرچووە.

کێشەی سەرەکی لەوەی کە ناتوانرێت بە تەواوی رۆژی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان دیاری بکرێت پەیوەستە بە هاوتانەبوونی رۆژ و بەرواری دەرچوونی رۆژنامەکە بەپێی ساڵی کۆچی و رۆمی.

وەک لە لاپەرەی یەکەمی ژمارە یەکی رۆژنامەی کوردستاندا نوسراوە (روژا پنجشمی دە ٣٠ ژوالقعدە ١٣١٥، پنجشنبە فی ٩ نیسان سنە ١٣١٤) . کاتێک بەرواری کۆچییەکە کە نوسراوە (پێنج شەممە ٣٠ ژوالقعدە ١٣٥) دەگۆڕین بۆ ساڵی زاینی و رۆمی، رۆژ و بەروارەکە دەگۆڕێت بۆ جومعە ٢٢ نیسانی ١٨٩٨ زاینی و ١٠ نیسانی ١٣١٤ رۆمی.

لێرەدا دوو کێشەی سەرەکی دروست دەبێت کە ناچارمان دەکات ئەم بەروارە رەت بکەینەوە و بەهەڵەیەکی بەرپرسانی رۆژنامەکەی بزانین. یەکەمیان ئەوەیە کە لە رۆژنامەکەدا پێش بەرواری کۆچی نوسراوە (پێنج شەممە ٣٠ ژوالقعدە ١٣١٥) بەڵام لە راستیدا ٣٠ ژوالقعدە ١٣١٥ کۆچی جومعە بووە. لە هەمانکاتدا رۆژ و بەرواری (پێنج شەممە ٣٠ ژوالقعدە ١٣١٥) کاتێک دەیگۆڕین بۆ ساڵنامەی رۆمی دەبێت بە (١٠ نیسانی ١٣١٤)، لە کاتێکدا لەسەر رۆژنامەکە نوسراوە (٩ نیسانی ١٣١٤).

بەڵام بەرواری ڕۆمی لەسەر لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکە کە (٩ نیسانی ١٣١٤) نوسراوە کاتێک دەیگۆڕین بۆ ساڵنامەی زاینی و کۆچی ڕۆژی پێنج شەممە دەکات، ئەمەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەو ڕۆژەی کە لە بەردەم هەردوو بەرواری کۆچی و ڕۆمی سەر ڕۆژنامەکە نوسراوە. هەر لەو بەروار گۆڕینەدا ٢١ نیسانی ١٨٩٨ دەردەچێت.

جگە لەمانەش هەروەک د.سەپان لە وتارەکەیدا ئاماژەی پێداوە، پێش ١٢٤ ساڵ "ڕۆژی هەینی لە میسر باوەڕناکرێ، خەریکی دەرکردنی ڕۆژنامە بووبن، چونکە لە جیهانی ئیسلامی ئەم ڕۆژە پشووە". هەر بۆ ئەو مەبەستە د.سەپان کۆپی دوو ژمارەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی بەناوبانگی سویدی ( Aftonbladet - Dagens nyheter)ی (٢٢ی نیسانی ١٨٩٨)ی وەرگرتووە و بۆی دەرکەوتووە کە "لەسەر هەردووک ڕۆژنامە: "ئەفتۆنبلادێت، داگینس نیهێتەر" ڕۆژی هەینی نووسرایە...".

جگە لەمانەیش لە زۆرێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەکەدا ڕۆژ و بەرواری ساڵی کۆچی بە تەواوی پاش و پێش کەوتووە، بە جۆرێک ئاڵۆزی و دژیەکی تێدایە کە تەنانەت ڕۆژ و بەروارەکە لە خودی ساڵنامە کۆچیەکەدا یەکناگرێتەوە، بۆ نموونە لە ژمارە (٦)دا نوسراوە (یکشمب ده ٢٥ جماژی الاول ١٣١٦ پازارایرتسی فی ٢٨ ایلول سنه ١٣١٤). بەڵام کاتێک ئەم بەروارانە دەگۆڕین بۆ ساڵنامە جیاوازەکان یان هەر خۆیان بەراورد دەکەین، دژیەکی زۆری تێدایە. بەپێی ساڵنامەی کۆچی ڕۆژی یەک شەممە ٢٣ جماژی الاول ١٣١٦ کۆچییە، بەڵام لە سەر ڕۆژنامەی کوردستان ٢٥ جماژی الاول ١٣١٦ نوسراوە. هەروەها پازارایرتسی کە لە بەردەم ساڵنامەی ڕۆمیدا نوسراوە دەکاتە دوو شەممە. کاتێکیش بەراوردی ڕۆژی دوو شەممە بە بەرواری ساڵنامەی ڕۆمی دەکەین ئەوا بە تەواوی ٢٨ ئەیلولی ١٣١٨ دەکات. واتە ڕۆژ و بەروار و مانگ و ساڵی ڕۆمی کە لەسەر ڕۆژنامەکە نواسراوە ڕاستە و کێشەی تێدا نییە.

بۆ دڵنیایی تەواو دەربارەی ئاڵۆزی و دژیەکی ڕۆژ و بەروار و مانگ و ساڵی کۆچی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا نموونەیەکی دیکە دەخەینە ڕوو. بەپێی بەرواری سەر ڕۆژنامەی کوردستان خۆی بێت، ژمارە (٣)ی ڕۆژنامەکە لە "٢٨ ژوالحجە ١٣١٥" کۆچی دەرچووە، بەڵام ژمارە (٤)ی ڕۆژنامەکە لە "١٢ ژوالحجە ١٣١٦" کۆچی دەرچووە! لێرەدا پێویست بوو ژمارە ٤ لە ١٢ محرم ١٣١٦ کۆچی دەربچێت. لەبەرئەوەی دوای مانگی ژوالحجە لە ساڵنامەی کۆچیدا مانگی محرم کە یەکەم مانگی ساڵی کۆچیە دەستپێدەکات. لێرەدا بەرپرسانی ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارە (٤)دا بەروار و ساڵەکەیان ڕاست نوسیوە بەڵام مانگەکەیان بە هەڵە نوسیوە.

لە لایەکی دیکەوە لە ژمارە (١-٥) ڕۆژنامەی کوردستان کە لەلایەن میقداد مەدحەت بەدرخان خۆیەوە لە قاهیرە دەرکراوە، لە سەرجەمیاندا ڕۆژی پێنج شەممە نوسراوە، هەرچەندە لەسەر ڕۆژنامەکە نوسراوە "پازدە ڕۆژ جارێک دەردەچێت". بەڵام لە ڕاستیدا ئەو (٥) ژمارەیەی سەرەتای ١٤ ڕۆژ جارێک دەرچووە، هەر لەبەر ئەوەیش لە سەرجەمیاندا ڕۆژی پێنج شەممە نواسراوە. بەڵام سەرجەمی بەروارە کۆچییەکان لەو (٥) ژمارەیەدا دووبارە ڕۆژی هەینی دەردەچێت. ژمارەی شەشەمی ڕۆژنامەکەیش ٣ مانگ و ٢٤ ڕۆژ لە پاش ژمارە پێنج دەرچووە، هۆکاری ئەمەیش دەکرێت پەیوەندی بە وازهێنانی میقداد مەدحەت لە ڕۆژنامەکە و گواستنەوەی شوێنی دەرچوونی بۆ جنێف لە سویسراوە هەیە.

وێنەی ژمارە (١) یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان.

وێنەی ژمارە (٢) گۆڕینی ڕۆژ و بەرواری یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵنامەی کۆچییەوە بۆ ساڵنامەی زاینی و ڕۆمی دەخاتە ڕوو.

وێنەی ژمارە (٣) گۆڕینی ڕۆژ و بەرواری یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵنامەی ڕۆمییەوە بۆ ساڵنامەی زاینی و کۆچی دەخاتە ڕوو.

کێشەی هاوتانەبوونی ڕۆژ و بەروارەکان لە کۆتا ژمارەی ڕۆژنامەکەشدا ڕەنگی داوەتەوە. تەنانەت بەهۆی ئەوەی کە بە ڕۆژ و ساڵنامەی کۆچی و ڕۆمی نوسراوە، هەندێک لە لێکۆڵەران و نووسەران ڕۆژ و ساڵنامە ڕۆمیەکەیان بە ڕۆژ و ساڵنامەی زاینی وەرگرتووە، هەر بۆیە بەداخەوە لە هەندێک سەرچاوەدا باس لەوە کراوە کە کۆتا ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە ١ نیسانی ١٩٠٢ دەرکراوە. بەڵام لە ڕاستیدا ژمارە ٣١ ی ڕۆژنامەی کوردستان کە کۆتا ژمارەی ڕۆژنامەکەیە لە ١ نیسانی ١٣١٨ ڕۆمی و ٦ محرم ١٣٢٠ کۆچی دەرچووە، هەروەک لەسەر لاپەڕەی یەکەمی ژمارە ٣١ی ڕۆژنامەکەدا نوسراوە (دوشمب ٦ محرم ١٣٢٠، ١ نیسان سنه ١٣١٨). لێرەشدا کاتێک ئەم بەروارانە دەگۆڕین بۆ زاینی، دەبینین کێشە لە دیاریکردنی ڕۆژ و بەروار بەپێی ساڵنامەی کۆچی هەیە. چونکە بە پێی ڕێنمایی گۆڕینی بەروار لە سایتی فەرمی دەزگای مێژوی تورکیا ٦ محرم ١٣٢٠ کۆچی ڕۆژی سێ شەممە دەکات، لە کاتێکدا لە ڕۆژنامەکەدا دوو شەممە نوسراوە. هەر ئەو بەروارەیش ١٥ نیسانی ١٣١٨ ڕۆمی دەکات، لە کاتێکدا لەسەر ڕۆژنامەکە ١٤ نیسانی ١٣١٨ نوسراوە. بەڵام کاتێک ڕۆژ و بەرواری ڕۆمی سەر ڕۆژنامەکە دەگۆڕین بۆ ڕۆژ و بەرواری زاینی و کۆچی، دەردەکەوێت کە ڕۆژی دەرچوونی کۆتا ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان دوو شەممە ١ نیسانی ١٣١٨ ڕۆمی بەرامبەر بە ١٤ نیسانی ١٩٠٢ زاینی دەکات.

وێنەی ژمارە (٤) ژمارە (٣١) کۆتا ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان.

وێنەی ژمارە (٥) گۆڕینی ڕۆژ و بەرواری کۆتا ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵنامەی کۆچییەوە بۆ ساڵنامەی زاینی و ڕۆمی دەخاتە ڕوو.

وینەی ژمارە (٦) گۆڕینی ڕۆژ و بەرواری کۆتا ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵنامەی ڕۆمیەوە بۆ ساڵنامەی زاینی و کۆچی دەخاتە ڕوو.

## دەرەنجام

ئاشکرایە بنەماڵەی بەدرخانییەکان و خودی میقداد مەدحەتیش هەم کاریگەر بوون بە بیری خۆرئاوا و ئەوروپا و هەمیش پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی کە ئەو کاتە فەرمانڕەوایی ناوچەی کوردستان و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی کردووە تێکچووە و لە دەست ستەمی عوسمانییەکان هەڵهاتوون بۆ ئەوروپا و مصر. کەواتە دەکرێت بوترێت بەهۆی دوورکەوتنەوەیان لە کلتوور و کۆمەڵگەی ئیسلامی بەرپرسانی ڕۆژنامەکە زۆر بە وردی ئاگاداری ساڵنامەی کۆچی نەبووبن، هەر لەبەر ئەوەیش بووە لەبری ئەوەی ٢٩ ژوالقعدە بنوسن کە ڕۆژی پێنج شەممە دەکات، ٣٠ ژوالقعدە-یان نوسیوە کە ڕۆژی جومعە دەکات. لەمانەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی کە ئەو ڕۆژ و بەروار و مانگ و ساڵە کۆچیانەی لەسەر ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان نوسراون دژیەکی و ئاڵۆزی زۆریان تێدایە و ناکرێت وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو پشتیان پێ ببەسترێت.

لە کۆی گشتیدا دەتوانرێت بگوترێت ڕۆژنامەی کوردستان ڕۆژی (پێنج شەممە ٩ نیسانی ١٣١٤ ڕۆمی، پێنج شەممە ٢٩ ژوالقعدە ١٣١٥ کۆچی، پێنج شەممە ٢١ نیسانی ١٨٩٨ زاینی) دەرچووە.

د. کەمال فوئاد، کوردستان: یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی (١٨٩٨-١٩٠٢)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، چاپی سێیەم، تاران، ٢٠٠٦.

فەرهاد شاکەلی، ڕۆژنامەی کوردستان کەی دەرچووە؟، ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە ٤١٣، (٢٠٠٧/٤/٢٢).

(22.04.2022) ,www.rozhnamawany.com, ڕۆژنامەی کوردستان ٢١ نیسان دەرچووە http://www.rozhnamawany.com/?p=2578, (17.02.2022).

www.ttt.gov.tr, Tarih Çevirme Kılavuzu, https://www.ttk.gov.tr/tarih-cevirme-kilavuzu/, (16.04.2022)

*توێژەر و مامۆستای مێژووی ڕۆژنامەگەری لە بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی هەڵەبجە
ahmed.ali@uoh.edu.iq




دراو میدیا



# #ئەمڕۆ #لەهەگبەی #مێژوودا

- ڕشژمێر بەسێ فەرهەنگی جیاواز.
٢٢ نیسان - ئەپرێلی ٢٠٢٤ لەدایکبوون.
٢ گوڵان - بانەمەڕ ٢٧٢٤ کوردی.
١٣شەوال - شوالی ١٤٤٥کۆچی.
- جەژن و بۆنەکان.
ڕۆژی گۆی زەوی.
ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی.
ڕۆژی دۆزینەوەی بەڕازیل.
- ڕووداوە مێژووییەکان.
١٤٥٣: سوپای ئیسلام، (قوستەنتینیە)یان گرت، لەسەر دەستی محەمەد فاتیح.
١٥٠٠: دۆزینەوەی بەرازیل بە ڕێکەوت لە ڕێگای دەریاوانی بورتوگالی بیدەر ئەلفاریز کابرال.
١٨٠٢: شەڕی نێوان شیعە و وەهابیەکان لە کەربەلا (٥ هەزار)شیعە کوژران و (١٠ هەزار)بریندار بوون.
١٨٧٠: لەدایکبوونی (فلادیمیر ئیلیتش-لینین)ی ڕوسی لە شاری پترۆسبۆرگی پایتەختی ڕوسیای قەیسەری.
١٨٩٨: دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی ڕۆژنامەی (کوردستان) لە قاهیرە لە لایەن (میقداد میدحەت بەدرخان) ، ئەو ڕۆژەش بوو بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی.
١٩٠١: بڵاوبوونەوەی ڕێگای (برێل) ی ژاپۆنی.
١٩٠٦: کردنەوەی خولی ئۆڵەمپی هاوینەی ساڵی ١٩٠٦لە ئەسینا، کە خولێك بوو لیژنەی ئۆڵەمپی نێودەوڵەتی ئێستا دانی پێدا نانێت.
١٩١١: سەرەتای دەرچوونی ڕۆژنامەی (براڤدا) لە شاری (سانت بتروسبورگ).
١٩٢٤: کۆچی دوایی (لینین) لەئەنجامی برینداربوونی بە گوللەیەکی ژەهراوی بەر لە چوار ساڵ پێش مردنی و (ستالین) جێی گرتەوە.
١٩٣٦: مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی ڕژێمەکانی (ئێران و تورکیا) بۆ گەمارۆدانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە تایبەت لە ڕۆژهەڵات و باکوری کوردستان.
١٩٤٥: هێزەکانی هاوپەیمانان دەستیان گرت بەسەر شاری (پۆلۆنیا) لە ئیتالیا لە میانی جەنگی دووەمی جیهانی.
١٩٤٨: عەسابەکانی هاجاناى سەهیۆنی دەستیان گرت بەسەر شاری (حەیفا)ی فەلەستینی دوای قەسابخانەیەکی خوێناوی.
١٩٥٢: ئێران نارەزایی دەربڕی لای نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە تەداخولی کاروباری بەحرەین، چونکە ئێران بەحرەینی دانابوو بە خاکی خۆی.
١٩٦٣: تیرۆرکردنی سەرۆکی ئەمریکا (جان ئیڤ خۆن) لەشاری (دالاس)ی ویلایەتی (تەکساس) بە دەستی (لیهاوری ئسوالد)، کە هەڵبژێردراوی ساڵی (١٩٦٠)ە بە سەرۆکی ئەمریکا لەتەمەنی (٤٣)ساڵیدا.
١٩٨١: دایکە تریزا بۆ یەکەم جار سەردانی یابانی کرد.
١٩٨٤: شانشینی یەکگرتوو فەرمابەرانی باڵیۆزخانەی لیبیای دەرکرد لە لەندەن دوای کوشتنی پۆلیسێکی بەریتانی کە پاسەوانی خۆپیشاندەرانی دەکرد لە کاتی خۆپیشاندان دژی سەرکردە موعەمەر قەزافی.
١٩٩٢: یەکگرتنی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و کۆمەڵەی سۆشیالیستی کوردستان.
١٩٩٤: دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (یەکگرتوو) زمانحاڵی (یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان).
٢٠٠١: یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە سلێمانی بەسترا.
١٩٩٤: ڕیچارد نیکسۆن، سەرۆکی سی و حەوتەمی ویلایەتە یەکگرتووەکان.
٢٠٠٣: (جی گارنەر) نوێنەری ئەمریکا لە عێراق بۆ یەکەم جار لەگەڵ بەڕێزان (مەسعود بارزانی) و (جەلال تاڵەبانی) کۆبۆوە لە هاوینەهەواری دوکان.
٢٠٠٣: ڕۆژنامەی (الإتحاد) لە بەغداد و بە تیراژی (١٦) هەزار دانە دەرچوو، کە لە دوای ڕووخانی ڕژێم یەکەم ڕۆژنامە بوو لە بەغدا چاپ بکرێت و بڵاوبکرێتەوە.
٢٠٠٤: پێکدادانی دوو شەمەندەفەر کە سوتەمەنیان هەڵگرتبوو لە کۆریای باکور کە بووە هۆی کوژران و برینداربوونی ٣ هەزار کەس.




٢٠٠٦: لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ جاری دووەم بەڕێز (جەلال تاڵەبانی) بە سەرۆککۆمار هەڵبژێرایەوە.
٢٠٠٧: (٤٤)ملیۆن فەرەنسی بەرەو سندوقەکانی دەنگدان بەرێکەوتن.
٢٠٠٨: کۆنگرەی وڵاتانی دراوسێی عێراق لە کوێت دەستی بەکارەکانی خۆی کرد.
٢٠٠٩: هەڵبژێراوانی باشوری ئەفریقیا دەنگیاندا لە چوارەمین هەڵبژاردنی گشتیدا لە دوای کۆتایی هاتن بە سیاسەتی جیاکاری ڕەگەزی.
٢٠١٠: (هەڤاڵ ڕەحمان) بەرپرسی بەدواداچوونی دۆسیەکان لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی هەرێم، گیانی لە دەستدا.
٢٠١٠: بە بڕی (٨٠٠) ملیۆن دینار بۆ یەکەمین جار بەشی سوتاوی لە کەرکوك کرایەوە.
٢٠١٠: حکومەتی هەرێم بڕیاریدا بە خەرجکردنی تێچوی چارەسەرکردنی بریندارانی کیمیابارانی هەڵەبجە و ناوچەکانی دیکەی کوردستان.
٢٠١٢: کاندیدی حیزبی سۆشیالیستی فەرەنسی (فرانسوا هۆڵاند) بوو بە یەکەم، لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا دوای ئەوەی کە ٢٨%ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، و پێشی سەرۆك نیکۆلای سارکۆزی کەوت کە دووەم بوو ٢٦%ی دەنگەکانی بەدەستهێنابوو، وە هەروەها کاندیدی بەرەی نیشتمانی خاتوو (مالین لوبان) سێهەم بوو دوای ئەوەی کە ٢٠%ی دەنگەکانی بەدەستهێنابوو.
تێبینی یەکەم: ئەم زانیارییانە لەپەڕتۆکی ئەمڕۆ لەمێژوو وەرگیراوە، بەدەستکاریکردن و دانانی مانگە کوردییەکان و چاککردنی هەندێک لە زانیارییەکان.
تێبینی دووەم: وشەی ڕشژمێر لەجێکەوتەی وشەی ڕۆژژمێر داماتاشیوە، وشەکەش پێکهاتووە لە پیتی یەکەمی هەردوو وشەی ڕۆژ و شەو واتە پێکهاتووە لە ڕ+ش+ژمێر= ڕشژمێر.

#زمناکۆ_ئیسماعیل - #zmnako_ismael

# قەڵادزێ لە (٢٤)ی (٤)دا - پاێناسەیەکی کورتی دەڤەرەکە

## عەبدوڵا ساڵح

ناوچەی پشدەر دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی، نزیک بە (١٣٨) کم لە سلێمانیەوە دوورە، ئەم دەڤەرە وەک حەوزێک لەناوچەیەکی شاخاوی سەختدا هەڵکەوتوە، زنجیرە چیای قەندیل کە یەکێکە لە چیا هەرە بڵندەکانی کوردستان دەکەوێتە باکوریەوە، چیای مامەندە وبڵفەت لە ڕۆژهەڵاتی وچیای کوڕییس وشاخی ئاسۆس لە خواروی، چیای کێوە ڕەش لە ڕۆژئاوای. (دەربەندی ڕەمکان)، کە هەردووک دەڤەری پشدەر و بیتوێن لێک جیادەکاتەوە، لە ئێستادا تاکە ڕێگایەکی ئوتومبێلە ئەو ناوچەیە بە بەشەکانی تری کوردستانی عێراقەوە دەبەستێتەوە، ناوی پشدەریش هەر لەسەر بنەمای ئەو دەربەندە هاتوە واتە (پشتی دەر)، و بیتوێنیش پێیگوتراوە (بەر دەر) واتە پێشی دەر، ڕوبەری ناوچەکە نزیک بە (١٤٠٠) کم دوجایە و دانیشتوانەکەشی نزیک بە (١٣٦٠٠٠) هەزار کەسە (بڕوانە پەڕاوێزی١)، پێنج شارەدێ (سەنگەسەر، ژاراوە، هەڵشۆ، هێرۆ و ئیسێوە)، هەروەها (٢٧٦) گوند و مووچە لە خۆی دەگرێ و شاری قەڵادزێش سەنتەری دەڤەرەکەیە (بڕوانە پەراوێزی٢).

جوگرافیای سیاسی ناوچەکە

ئەم هەڵکەوتە جوگرافیایە سەختە وای کردوە، دەسەڵاتی مەرکەزی بەدرێژایی مێژوو گرفتی گەورەی هەبێ لە کۆنترۆڵی ئەو ناوچەیە، ئەمەلەلایەک، و لەلایەکی ترەوە زوربەی بزوتنەوە چەکداریەکانی دژی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق، لەو ناوچەیە سەریانهەڵداوە وئەو دەڤەرەیان کردۆتە جێگای بنکەو بارەگا سەرەکیەکانیان، هەربۆیە بەدرێژایی مێژووی دوور و نزیک، دانیشتوانی ئەوناوچەیە کەوتونەتە بەرشاڵاوی دڕندانەی پەلاماردەران و باجی بوونیان لەو هەڵکەوتە جوگرافیایەی ناوچەکەی خۆیان داوە.

کارەساتەکە

یەکێک لەو پەلامارانە دڕندانەیە ڕۆژی (٢٤)ی (٤)ی ساڵی (١٩٧٤)، کاتێک ڕێکەوتنەکەی (پارتی دموکراتی کوردستان) بەڕابەری (مستەفا بارزانی) لەگەڵ ڕژێمی ناوەند هەڵوەشایەوە و ئەم بزوتنەوە چەکداریە بانگەشەی کرد کە دام و دەزگا دەوڵەتیەکان وەک خۆیان دادەمزرێنەوە ودەگوازرێنەوە شارەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەوان (بڕوانە پەراوێزی٣)، بەگوێرەی ئەم بەرنامەیە، زانکۆی سلێمانی گواسترایەوە بۆ قەڵادزێ، لەکاتێکدا کە خوێندن پێویستی بە کەش و هەوایەکی ئارامە، بەڵام ئەم بزوتنەوەیە بەبێ هیچ نەخشە وپلانێک ئەو کارەی ئەنجامدا وزوربەی خوێندکارانی زانکۆکە خزێنرانە چەند بەنگەڵەیەکی عەمباری توتن، ڕژێمی بەعس لەبەرەبەیانی ئەوڕۆژەدا بەفڕۆکە پەلامارێکی دڕندانەی خوێناوی کردە سەر ئەو شارە و لە ئەنجامدا زیاتر لەسەد کەس لەقوتابی و خەڵکی سڤیل کوژران و چەندین خێزان لە شاری قەڵادزێ بەتەواوی لەبەین چوون و سەدان برینداریشی لێکەوتەوە، جگە لەوێران کردنی بەشێکی بەرچاوی شارەکە، ئەو ڕۆژە کارەساتێک بوو لەمێژووی ئەوشارەدا تۆمار کرا و ساڵانە بەردەوام یادی دەکرێتەوە.

لێرەدا جێگای خۆیەتی دەست بخەینە سەر ئەو ڕاستیەی کە سیاسەتی ئەو کاتی بزوتنەوەی ناسیۆنالستی کورد بەڕابەری بارزانی بریتی بوو لە چۆڵکردنی ئەو شارانەی لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی مەرکەزیدان، هەروەهاگواستنەوەی زانکۆی سلێمانی بۆ قەڵادزێ، ئەویش بەمەبەستی: یەکەم فشار خستنە سەر دەسەڵاتی بەعس و هێنانەوەی دووبارەی بۆسەر مێزی گفتوگۆ، دووەم: لەئەگەری هەر دەستوەشاندنێکی ڕژێمی بەعس لەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی پارتی، لەوانەش زانکۆی سلێمانی لەقەڵادزێ، لەقاودانی ئەو تاوانە و دەرخستنی بۆڕای گشتی دنیا، کە ئەم سیاسەتەش جێگای نارەزایەتی خەڵک بوو (بڕوانە پەراوێزی٤).

ڕاپەڕینی (١٩٨٢)

ڕۆژی ڕۆژی (٢٤)ی (٤)ی ساڵی (١٩٨٢)، بەگوێرەی بەرنامەیەکی پێشتر داڕێژراو لە نێوان ڕێکخراوی بروسک (بڕوانە پەراوێزی٥) لەناو شار و هەرێمی (١٠)ی جوتیارانی پشدەر، بە هاوئاهەنگی و هاوکاری هەردووک لا و بەشداری بەرفراوانی جەماوەری شاری قەڵادزێ، ڕاپەڕینێکی پڕ شکۆ بەرپاکرا دژی دەسەڵاتدارانی ڕژێمی بەعس (بڕوانە پەراوێزی٦)، لەدروشمەکانی ئەو ڕاپەڕینە (الجنود إخواننا والفاشست أعداؤنا )، (تانک و تۆپ وتەیارە،ناترسێنێ ئەم شارە). لە ئەنجامدا ژنێک بەناوی (دایکە ئامینە) و کچێکی مامۆستا بەناوی (سنەوبەر مەحمود) گیانیان لەدەستدا (بڕوانەپەراوێزی٧).

ئەم ڕاپەڕینە جەماوەریە لەکاتێکدا بوو کێشمە کێشی لەمێژینەی نێوان جوتیاران و دەرەبەگەکانی ناوچەکە تادەهات توندتر دەبوو، ئەمەش ڕەنگی دابۆوە لە کەشوهەوای سیاسی ئەوکاتی دەڤەرەکە، لەهەمان کاتدا دەسەڵاتی سەرکوت وداپلۆسینەری ڕژێم لەو پەڕی ئامادەییدا بوو بۆ بەکارهێنانی هەموو جۆرە توندو تیژیەک دژی هەر جوڵەیەکی جەماوەری، جگە لەوەی کاتەکە گەرمەی شەڕی کۆنەپەرستانەی ئێران وعێراق بوو، ئەو دەڤەرەش یەکێک بوو لەمەیدانەکانی ئەو جەنگە، هەموو ئەم هۆکارانە پێکەوە ڕق و کینەی جەماوەری داخ لەدڵی قەڵادزێی زیاتر خرۆشاندبوو ودەورو نەخشیان هەبوو لە جۆشدانی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەریە.

ڕۆڵی پڕشنگداری کچان و ژنان

لایەنێکی پڕشنگداری ئەم ڕاپەڕینە، بریتی بوو لەبەشداری بەرفراوانی ژنان و کچان، کە لەئەنجامدا بووە هۆی گیان بەختکردنی دوان لەوان و دەستگیرکردنی دەیان ژن و کچ، هەر ئەم بەشداریە بووە نمونە وسەرمەشقی شێوازێکی کە لە خەبات و بەرەنگار بونەوەی جەماوەری و ئەم خەباتەشی خستەسەر خەرمانی مێژوویەکی پڕ لە سەروەری و شانازی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بەگشتی و شاری قەڵادزێ بەتایبەتی.

وێرانکردنی شارەکە

لە درێژە پێدانی سیاسەتی چۆڵکردن و ڕاگواستنی شارەکانی سەرسنوور، جگە لە هۆکاری ڕاپەڕین و بەرپەچدانەوەی سیاسەتەکانی ڕژێمی بەعس لە لایەن دانیشتوانی شاری قەڵادزێ، لە ڕۆژی (٢٦)ی (٦)ی (١٩٨٩) شارەکە ڕوخێنرا و دانیشتوانەکەی ڕاگوێزی ئۆردوگاکانی نزیک لە سلێمانی و هەولێر کران.

ناسیونالیزمی کورد، میراتگری زوڵموزۆری بەعس

ئەم ڕوداوە، هۆکارێک بوو بۆ تێکشکانی دیواری ترس و هاتنە مەیدانی خەڵک و وەستانەوەیان بەدژی زوڵم و ستەمی ئەوکاتی ڕژێمی بەعس، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دواتر ڕاپەڕین زوربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستانی بگرێتەوە. (ی.ن.ک)، وەک باڵێکی هێزە ناسیۆنالیستەکانی ئەوکات، ئەوەندەی بەدوای بەهرەبەرداری سیاسی ڕێکخراوەیی خۆی بوو لەم ڕاپەڕینە، ئەوەندە بەدوای گەیشتن بە داخوازیەکانی جەماوەرەوە نەبوو، هەربۆیە بەرهەمەکەی بۆ ئەوان ناچار کردنی ڕژێمی بەعس بوو بۆ ملدانە گفتوگۆ کە لە بەهاری (١٩٨٤)دا ئەم گفتوگۆیە ئەنجامدرا.

حیزبە ناسیونالستەکان، وەک سیاسەت و بەرنامەی هەمیشەیی خۆیان، بەری ڕەنج وخەباتی جەماوەریان کردۆتە ئامرازی گەیشتن بە ئامانجەکانیان و لەسەر دەرد و مەینەتی خەڵک سیاسەتی خۆیان بردۆتە پێش، هەموو ئەوکارەساتانەی بەسەر جەماوەری کرێکار وزەحمەتکێشی ئەودەڤەرە وشوێنەکانی تری کوردستاندا هاتون، بۆ ئەوان بۆتە بانیژەی گەیشتن بە ئاواتەکانیان و کاتێکیش دەسەڵاتیان کەوتۆتەدەست، هەمان ئەو سەنگەرەیان لەوخەڵکە گرتۆتەوە کە پێشتر ڕژێمە سەرکوتگەرەکان گرتبویان، نمونەی ئەم ڕاستیە وەک ڕۆژی ڕوناک لە ئێستادا دیارە.

یادکردنەوەی ساڵانەی ئەم ڕۆژە، دووبارەکردنەوەی هەمان ئەو پەیامەیە بۆ دەسەڵاتدارانی ئێستای کوردستان کە سەرکوت و برسیکردن و ستەمکاری ئەنجامەکەی وەستانەوەیە بەڕویدا و تێکشکانیەتی.

٢-٥-٢٠٢١

-.-.-..-.-.-.-.

هوشیار جەمال، نوسەر و توێژەر - گوگڵ.

هاواری ڕاگواستن و بزەی ئاوەدانی، دووەمین کۆنفرانسی ئاوەدانی و گەشەپێدانی دەڤەری پشدەر (٢٦-٢٨ ی ٦ ی ٢٠١٢ لاپەڕە ١٤).

نزیک بە (١٣٠٠٠٠) کەس لە فەرمانبەر و مامۆستا و قوتابی ڕویانکردە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی - [کۆستی شارێک، بەدواداچون و لێکۆڵینەوە - دادوەر تەها بابان لاپەڕە (٧١)].

دوای بۆمبارانەکە مامۆستایانی زانکۆ ڕویان کردبا هەر گوندێک، دانیشتوانی گوندەکە داوایان لێدەکردن زانکۆ نەبەنە گوندەکەی ئەوان ونەبنە سەرچاوەی دەردی سەری بۆیان - هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (٧٦).

ڕێکخراوی بروسک لە کۆتایی هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە ناوچەی پشدەر وبیتوێن، بەدەستپێشخەری کۆمەڵێک ڕۆشنبیری چەپ و ئازیدیخواز دامەزرا، {(ساڵحی مەلادەڵگەیی - نادر عەبدولحەمید)، (عەبدوڵا ساڵح - مامۆستا عەبدە)، هەردووک زیندەیاد (مامۆستا محەممەد ئیسماعیل سوڵتان) و (مامۆستا سەعیدی مەلا عەبدوڵا)} و توانی لە ماوەیەکدا بەشێکی بەرچاوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لەدەوری خۆی کۆ بکاتەوە، دواتر پەیوەندی کرد بە (ی.ن.ک).

جێگای ئاماژەیە، شەوی (٢٣ لەسەر ٢٤)ی (٤) مەفرەزەیەک لە هەرێمی (١٠)ی جوتیاران بە فەرماندەیی (جەلالی مینەبەگ) نێردرایە ناوشار و پەیامی ڕاپەڕین وپشتیوانیان بەگوێ خەڵکی شار دادا، ئەو پەیامە {(ساڵحی مەلادەڵگەیی - نادر عەبدولحەمید)، (عەبدوڵا ساڵح - مامۆستا عەبدە)، ( ئاسۆی کەریم زەند )} ئامادەیانکردبوو وە بەدەنگی ئاسۆ خرایە سەرکاسێت و کاسێتەکەش خرایە سەر بڵندگۆی (مزگەوتی کارەبا) کە ئەمەش بووە یەکێک لە هۆکارەکانی جۆشدانی ئەوراپەڕینە. شایانی باسە ڕێکخراوی (یەکیەتی تێکۆشانی کارگەران) پێشتر لەهەندێک لە شارەکانی تری کوردستان، وەک خۆپیشاندانەکەی پینجوێن هاوینی (١٩٨٠) کە "کارگەران" دەوری سەرەکی تێدا دی، دواتر لە نەورۆزی (١٩٨٢) لە سلیمانی، ڕابەری خۆپیشاندانی جەماوەریان کردبوو وە کۆنترۆڵکردنی بڵندگۆی مزگەوتەکان و بەکار هێنانیان بۆ هاندانی جەماوەر وەک شێوازێک بەکار هێنابوو، ڕاپەڕینی قەڵادزێش لەو ئەزمونە کەڵکی وەرگرت. مۆنیمێنتێک و ستەیجێک بە کۆمەگ و هاوکاری خەڵکی دڵسۆزی شارەکە بۆ ڕێزلێنان لە گیانبەختکردوانی (٢٤)ی (٤) لە بەردەم گۆڕستانی سەرەکی شاری قەڵادزێ دروست کراوە وساڵانە ئەو یادە لەوێ بەرزز ڕادەگیرێ.

**سایتی البدیل**



# گەڕان بەدوای چارەسەری لەشەوێکی ئەنگوستەچاودا



د. کامەران مەنتك

2024\4\21

ئەو هەنگاوانەی پرۆسەی بیرکردنەوە لەگەڕان بەدوای چارەسەرییەکان چرووك دەکەن، خودی ئەو هەنگاوانەن، کە بەناوی چارەسەرییەوە دەنرێن و لە بنەڕەتیشدا کار لەسەر بەلاڕێدابردنی کۆمەڵگەو لەگۆڕنانی چارەسەرییەکان دەکەن، تەنانەت لە دۆخێکی وەکو ئەمڕۆی هەرێمی کوردستاندا، بابەتی چارەسەری خۆی بۆتە مێردەزمەیەك وەك ئامرازێك لەشەرێکی دەروونی ڕۆشنبیری وترسناك، نەك بە تەنیا لەلایەن دوژمنان ورکابەرەکانی کورد، بەڵکو لەلایەن کورد خۆیەوە بەکاردەهێنرێت، ئەنجامی ئەمەش دروستکردنی بێهیواییەکی گەورەو سڕینەوەی هەموو ئینتیمایەکی نیشتمانییە، هەموو ئەو پرۆژانەی تاوەکو ئێستا بەناوی چارەسەرییەوە خراونەتە ڕوو ودەخرێنە ڕوو، لە چوارچێوەی ئەو شکستانەو لە بازنەی ئەو رووخانەدا دەخولێنەوەو کار دەکەن، کە دەسەڵاتی سیاسی لەهەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی بۆتەوە، کەسێك نەهات لە دەرەوەی ئەو فەوزایە خۆی لەژێر کاریگەری پروپاگەندەو ریکلامە سیاسی ودەروونییەکان رزگاربکات وبەهێمنی بیر لەکۆی دۆخەکە بکاتەوە، بۆئەوەی لەناو خودی هزری کوردی خۆیدا بەدوای چارەسەردا بگەڕێت، نەك لەدەرەوەی ئەو هزرەدا!.

ئەو دۆخە ئاڵۆزو ڕەشبینییەی دوچاری تاك بەتاکی ئەو کۆمەڵگەیە هاتووە، وایکردووە تەنیا لە دەرەوەی کۆمەڵگەدا بەدوای فریادرەسێکدا بگەڕێتت بولەو دۆخەی ڕزگار بکات، ئەمەش لە نەرەتدا جگە لە لەدەستدانی ئاوەزو ئیفلیجبوونێکی هزری، هیچ خوێندنەوەیەکی تر بەخۆوە هەڵناگرێت، لەهەرێمی کوردستان نەك تەنیا دەسەڵات، کە ئەو کۆمەڵگەیەی لە بێخەوە هەڵتەکاندووە، ئەو هێزانەی بەناوی ئۆۆزسیۆنیشەوە لەکوردستان کاریان کردووە، نەك نەیانتوانیوە بەدوای چارەسەرییەکی قووڵدا بگەڕێن، بگرە گۆمەکەیان ژاراویترو لیخنتر کردووە وئاڕاستەی بوودەڵەیی وبێهیوای وملکەچبوونیان بەهێزتر کردووە، لەبەرئەوەی خۆیان نەك هیچیان پێ نەبووە، بەلکو تاکە ئامانجیان جێگرتنەوەی دەسەڵاتێك بووە، نەك بۆئەوەی خزمەتی خەلکی کوردستان بکەن، لەو دۆخەی رزگار بکەن وتای تەرازووەکە راست بکەنەوە، بەڵکو بۆئەوەی خۆیان پشکی شێر لەدزی و تالانی ودادوشینی ئەو وڵاتەدا بەدەست بێنن، ئەی ئەگەر وانەبیت، هیچ هێزێکی ئەلتەناتیڤ نەك تەنیا لەقۆناغی ئێستادا، بەڵکو بەدرێژایی سەد ساڵی ڕابردوو، جگە لە پەنابردن بۆ دوژمنان هەوڵدان بۆ ملشکاندنی ئەوەی تر هیچ چارەسەرییەکی تریان لابووە؟ لەشەستەکان جەلالییەکان لەمەلاییەکان جیابوونەوە پەنایان بۆ حکومەتی ئێراقی برد وپێش سوپای حکومەتی ئێراق کەوتن، لەدوای هەرەسی ئەیلولەوە، هەر لایەی بەسەر وڵاتێکدا دابەش بوو، یەکێك بووە داردەستی ئێران وئەوەی تر بووە داردەستی ئێراق وبەناوی شۆڕشی نوێ وگوڵانەوە، هەزاران گەنجی کوردیان کردە قوربانی، لەدوای ڕاپەڕین ئەو ئاڕاستەیە گۆڕانکارییەکی کەمی بەسەرداهات، دوای لاوازبوونی ئێراق بەشێکیان چوونە پاڵ تورکیاو بەشەکەی تریشیان پاڵ ئێران، بەهەردوو لایان کەوتنە لیدان ولەناوبردنی هەموو جولانەوەیەکی کوردی لەباکوورو ڕۆژهەڵات وبەم دواییەش لە ڕۆژئاوای کوردستان، ئەم پاشاگەردانییە تاوەکو ئێستا بۆتە لاپەڕی سەرەکی مێژووی کورد، ئەو مێژووەی ، کە تاوەکو ئێستا دەستپێنەکردووەو تەنیا سەماکردنێکی قێزەون بووە لەسەر تەختەی شانۆی دوژمنان.

ئێستا لەکاتێکدا ئێراق زیندوو بۆتەوە، هێزە دەسەڵاتدارەکان خەریکی تالانکردن ودزین وهێزە ئۆپۆزسیۆنەکانیش خەریکی چوونەوە بەرەو باوەشی بەغدان، نازانم ئەوە چ بیرکردنەوەیەکی دەوێت، کە خۆت بە ئۆپۆزسیۆن بزانی وجگە لەگەڕانەوە بۆ بەغداو قومارکردن بە هەموو ئەو دەرفەتانەی لە ئاراداں هیچ پرۆژەیەکی تری نیشتمانیت لانەبیت! شەڕ کردن لەگەڵ دەسەلاتی کوردی بە شمشێری بەغداو تاران وئەنقەرە، خولانەوەیە لە هەمان ئەو بازنەیەی، کەسەد ساڵە کورد تیایدا لە خاڵیکدا دەست پیدەکات ولەخاڵێکیشدا کۆتایی پێدێت، بە بێئەوەی بتوانێت یەك هەنگاو بچێتە پێشەوە!

کەواتە ئەو دۆخەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان لە ئارادایە، نەك بە تەنیا ئۆپۆزسیۆن ودەسەڵات، بگرە ڕۆشنبیرو هێزەکانی تری پارچەکانی تری کوردستانیش لیی بەرپرسن، ئەوانیش ناکرێت لەو بابەتە دوورە پەرێز بن وبەکارێکی ناوخۆی هەرێمی لەقەلەم بدەن، لەبەرئەوەی ئەو دۆخە، تەنیا دۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستان نییەو کاریگەری لەسەر هەموو بەشەکانی تری کوردستان هەیە،

چۆن دەولەتە هەرێمییەکان بەیەکەوە دادەنیشن وپلان بۆ لێدانی کورد دادەرێژن، بە هەمان شێوە پێویستە کوردەکانی هەموو پارچەکانی کوردستانیش بەیەکەوە دابنیشن وڕووبەڕووی پلانەکان ببنەوە، ناکرێت وڵات بۆ چەند بنەماڵەیەك وچەند هێزێکی ناکرێگرتەی ناسیاسی ومشەخۆر جێبهێڵرێت، تاوەکو بە ئارەزووی خۆی یاری بەچارەنووسی میللەتێکەوە بکەن، دەبێت کورد لەو بازنە ژەنگاوییە دەربچێت ولەناو خودی کۆمەلگەی کوردیدا بەدوای چارەسەری بگەڕێت، کە ئەگەر ئەو شەڕە میدیاییە ناتەندروستە بەلاوەبنرێت، ڕەنگ بێت ئاسمانەکە بەو شێوەیە تاریك وتەڵخ نەبێت وەك ئەوەی وینا دەکرێت، بەڵکو هێشتا دەرفەت وگەیشتن بە ئاسۆیەکی روونتر ماوە، ئەگەر بێت وبگەرێینەوە بۆ قووڵایی ستراتیژی خۆمان.

پاش تێپەڕبونی 5ساڵ بەسەرکۆچی دوای شاعیری جوان نوسی کورد بەکر پشدەری هاوڕێیانی و دۆستانی هەستان بە کۆکردنەوەی ئەودەقە شعریانەی کەلەپاش مەرگی جێمابوون کردیان بە خونچە شعریەکانی بەکر پشدەری لەدوتێی کتێبێکی ٢٢٨ لاپەڕەیا پێش کەش بکرێت بەخوێنەر کەرێکخراوی کوردستان دیالۆک هەستا بەرێکخستنی کۆڕەکە یەک بەیەکی هاوڕێیانی بەکر پشدەری بەچاوی فرمێسکو پێکەنینەوە یادگاریە خۆشی و ناخۆشیەکانیان ئەگێڕایەوە دواتریش لەلایەن چەند هاوڕێیەکیەوە دەست کرا بەدابەش کردنی کتێبەکەی بەسەر ئامادەبواندا لەلایەن خاتو سایە بەکر پشدەریەوە وەک کچی بنەماڵە گوڵی سوپاس و پێ زانین درابەهەریەک لە شخ ڕزگار ئامادەکاری کتێب وە سەربەست manmi سەرۆکی ڕێکخراوی دیالۆک ئامادەکاری کۆڕ وە خاتو هاژەبەرزنجی شاعیروو نوسەر هاوکاری مەراسیمەکە







شاری قەڵاو چەندجار شەهید
قوتابخانەی کوردایەتی
شاری بیست وچواری چوارو
هەشتاودووی پرئازایەتی
***
تا ئەمڕۆش دایکان ڕەشپۆشن
چاوی کیژان لە ئە سرینا
بێ ناز ئەژی قەڵادزێکەم
لە یاداشتی نەبەزینا

بەکرپشدەری




سلێمانیم....سلێمانیم
نەوەی فەقێ ئەحمەدەکەی
دارەشمانەکەی پشدەرو
ئیبراهیم پاشای بابان و
بە رە گەز قەڵاچوالانیم
تابلۆیەکی بەهەشتی خوام
هەرجوانترو گەشتر ئەبم
من ئەستێرەی کوردوستانیم
سلێمانیم....سلێمانیم

YADNAMA
یادنامە
بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری
گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی
(مێژوو ، کەلتور ، زمان ، منداڵان ،
یادەوەری پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لەخۆدەگرێت.
سەرنوسەر و خاوەنی ئیمتیاز: سەرکەوت محەمەد فەتاح
(سەرکەوتی جیهاز)
دەستەی نوسەران
ڕەووف محەمەد ئالانی
بەختیار شارەزوری
https://www.facebook.com/groups/3114992011918760/?ref=share&mibextid=NSMWBT
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان




sarkawt_47@hotmail.com
0031615852703
Raufalanny3018@gmail.com
009647701553018
sharazwri@gmail.com
009647701961087